Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(40), 2025

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# ڕەهەندەکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: هەڵسەنگاندنی هەڕەشە و مەترسییەکان *[1]


| |
|---|
| سیروان مینە خان |
| کۆلێژی زانستەسیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر |
| serwan.khan@su.edu.krd |
| پ. ی. د. هیوا مجید خلیل |
| کۆلێژی زانستەسیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر |
| Hiwa.khalil@su.edu.krd |



| | | |
|---|---|---|
| ID No. 4543 | Received: 30/06/2025 | وشە کلیلییەکان: |
| (PP 88 - 122) | Accepted: 10/07/2025 | قوتابخانەی کۆپنهاگن، ڕەهەندەکانی ئاسایش، هەرێمی کوردستان، هەڕەشە ئاسایشییەکان، تیۆری ئاسایش. |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.5 | Published:16/11/2025 | |



## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا لە چوارچێوەی تیۆری قوتابخانەی کۆپنهاگن، پرسی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی فراوان و شیبکاتەوە. قوتابخانەی کۆپنهاگن پێنج بواری سەرەکی ئاسایش دەناسێنێت کە بریتین لە: ئاسایشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، سەربازی و ژینگەیی. ئەم چوارچێوە تیۆرییە دەرفەتی ئەوە دەدات کە هەڕەشە و مەترسییە شاراوەکان لە چوارچێوەی پرسە ئاسایشییەکاندا بە شێوەیەکی تەواو و یەکگرتوو تاوتوێ بکرێن. هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠١٤، ڕووبەڕووی چەندین قەیران و پرسی هەستیار بووەتەوە کە کاریگەری نەرێنییان لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ئاسایش هەبووە. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە: کامانەن ئەو هەڕەشە سەرەکییانەی هەر یەک لە بوارەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی خستۆتەبەر مەترسییەوە؟ گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە پرسە سەرەکییەکانی ڕەهەندەکانی ئاسایش لەسەر هەرێمی کوردستان خۆی دەبینێتەوە لە هەموو پێنج بوارەکەدا و ئەم مەترسیە ئاسایشیانە کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر مانەوە و بەردەوامبوونی هەرێمی کوردستان. میتۆدۆلۆژی توێژینەوەکە پشت بە ڕوانگەیەکی چۆنایەتی دەبەستێت بە شیکردنەوەی وەسفی-شیکاری و شیکردنەوەی دۆخ بۆ هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی تایبەت.


## پێشەکی

پرسی ئاسایش یەکێکە لە بنەڕەتیترین و ئاڵۆزترین بابەتەکانی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان کە لە سەردەمی ئێستادا گرنگی زیاتر بووە. بە گۆڕانی سروشتی هەڕەشەکان و دەرکەوتنی جۆرە نوێیەکانی مەترسی، پێویستی بە چوارچێوەی تیۆری نوێ و فراوانتر بۆ تێگەیشتن لە ئاسایش زیاتر بووەتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، قوتابخانەی کۆپنهاگن وەک یەکێک لە دیارترین قوتابخانە نوێیەکانی بواری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، ڕەخنەیەکی بنەڕەتی لە ڕوانگە کلاسیکییەکانی ئاسایش دەگرێت کە تەنها گرنگی بە ئاسایشی سەربازی دەدەن و ئاگاداری ڕەهەندە ناسەربازییەکانی ئاسایش نین.

[1](*) ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوی ماستەرنامەیە.

قوتابخانەی کۆپنهاگن لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، لەلایەن کۆمەڵێک لێکۆڵەری ئەوروپییەوە دامەزرا، کە زانایانی وەک Barry Buzan،Ole Wæver ، و Jaap de Wilde سەرەکیترین ڕۆڵیان هەبوو لە گەشەپێدانی ئەم ڕوانگە نوێیەدا. ئەم قوتابخانەیە وەکو هەوڵێک بۆ گەشەپێدانی تیۆری ئاسایش و چارەسەرکردنی کەموکورییەکانی ڕوانگە کلاسیکییەکان سەریهەڵدا. بەپێی ئەم قوتابخانەیە، ڕوانگە کلاسیکییەکان کە زۆرترین تەرکیزیان لەسەر هەڕەشەی سەربازی و دەوڵەت وەک یەکەی سەرەکی ئاسایش بووە، ناتوانن وەڵامی پرسەکانی سەردەمی ئێستا بدەنەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، قوتابخانەی کۆپنهاگن چەمکێکی فراوانتر لە ئاسایش پێشکەش دەکات و دەرفەتی ئەوە دەرەخسێنێت کە خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند بۆ پرسی ئاسایش بکرێت. هەروەها ئەم قوتابخانەیە پرۆسەی "ئاسایشیکردن" (Securitization) دەناسێنێت کە تێیدا کێشەیەک لە بواری ئاسایدا بۆ بواری ئاسایش دەگوازرێتەوە و وەک هەڕەشەیەک بۆ بوون یان بەرژەوەندییە گرنگەکانی یەکەیەک دەناسرێت.

هەرێمی کوردستانی عێراق وەک یەکەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراق، لە دوای ساڵی ٢٠١٤ەوە کە ڕێکخراوێ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەرکەوت و قەیرانی ئابووری هاتە پێشەوە، ڕووبەڕووی چەندین پرسی ئاسایشی بووەتەوە کە نە تەنیا لایەنی سەربازی، بەڵکو هەموو بوارەکانی تری ئاسایشیش دەگرێتەوە. ئەم پرسانە لە ناکۆکی سیاسی لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەست پێدەکەن کە دەربارەی دەسەڵات و دابەشکردنی سەرچاوەکانە و دەگەنە قەیرانی ئابووری کە بەهۆی پشتبەستنی زۆر لەسەر داهاتی نەوت و کەمبوونەوەی بودجەی فیدراڵی، کێشەی کۆمەڵگەیی کە بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە و پەنابەر لە ناوچەکان، هەڕەشەی سەربازی کە لە داعش و میلیشیا چەکدارەکان دێت، و گرفتەکانی ژینگەیی وەک کەمی ئاو و گۆڕانی کەشووهەوا، کۆتایی دیت. ئەم پرسانە لە یەکترەوە جیا نابنەوە بەڵکو پەیوەندیەکی توند و قووڵیان هەیە و کاریگەری لەسەر یەکتری دەنوێنن. لەم چوارچێوەیەدا، بەکارهێنانی تیۆری قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ شیکردنەوەی دۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دەرفەتێکی باش دەدات بۆ تێگەیشتنی فراوان و قووڵ لەم پرسانە و دۆزینەوەی ڕێگارەکانی چارەسەری.

## گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بەهایەکی بەرچاوی هەیە، چونکە بەڕێگەیەکی ئەکادیمیانە هەمەلایەنە کە لە مەترسی و ئالنگارییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە ڕونگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە چوارچێوەی فرەلایەنە دەگرێتەبەر کە ڕەهەندە سەربازی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانی ئاسایش لەخۆدەگرێت. لە ئەنجامدا ئەم بەدواداچوونە شیکارییەکی فراوانتر و فرە چینتر لە هەڕەشە ئاسایشییەکانی ناو هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی دۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستانە لە چوارچێوەی تیۆری قوتابخانەی کۆپنهاگن و دیاریکردنی هەڕەشە و مەترسیيە سەرەکییەکان لە هەر یەک لە بوارەکانی ئاسایش، لەگەڵ گرنگیدان بە پەیوەندی و کاریگەری نێوانیان. لەلایەکیتر، ئامانجی شیکردنەوەی تیۆرییە کە پێکهاتووە لە تیشکخستنەسەر چەمکی ئاسایش و ڕەهەندەکانی لە چوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن و ڕوونکردنەوەی پێنج بوارەکانی ئاسایش و چۆنییەتی بەکارهێنانیان بۆ شیکردنەوەی دۆخی هەرێمی کوردستان، و پێناسەکردنی چەمکە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە وەک بەئاسایشیکردن و کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی. هەروەها ئامانجی شیکردنەوەی پرسی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەو

مەترسی و ئاڵنگارییانەیە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە هەر یەک لە بوارەکاندا، شیکردنەوەی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم هەڕەشانە، و هەڵسەنگاندنی ئاستی مەترسی و کاریگەری هەر یەکێکیان.

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

**پرسیاری سەرەکی: چۆن دەتوانین قوتابخانەی کۆپنهاگن بەکاربهێنین بۆ تێگەیشتن لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان؟**
**کام لە چەمکەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن (وەک ئاسایشی مرۆیی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی سیاسی) زۆرترین پەیوەندییان هەیە لەگەڵ دۆخی کوردستان؟**
**چۆن دەتوانین دۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی تیۆری قوتابخانەی کۆپنهاگندا شیبکەینەوە و کامانەن ئەو هەڕەشە سەرەکییانەی کە لە بوارەکانی ئاسایشدا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە؟**

**پرسیارە لاوەکییەکان: یەکەم، پرسی بەئاسایشکردن لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە لەهەرێمی کوردستاندا بە چ شێوەیەک وێناکراوە؟ کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی چییە؟ چۆن دەتوانین دیدی ئەم کۆمەڵەیە لەسەر یاسایشی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەین؟**

**گریمانەکانی توێژینەوە**

ئەگەرچی ئەم توێژینەوەیە گریمانە دەکات کە هەڕەشە ئاسایشییە سەرەکییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە سەرانسەری هەر پێنج ڕەهەندەکەدا سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سەربازی، ژینگەیی بوونیان هەیە. بەڵام ئەوەی بەتایبەتی جەختی لێدەکەینەوە بریتییە لەوەی گریمانە دەکەین کە هەڕەشە ئاسایشییە سیاسییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئاڵۆزی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و پرسەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوخۆدا سەرهەڵدەدەن، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و بنەڕەتییان لەسەر سەقامگیری ناوچەکە هەیە. جگە لەوەش، نائەمنی ئابووری- کە بەهۆی پشتبەستنی هەرێم بە داهاتی نەوت و کەمبوونەوەی بودجەی فیدراڵیەوە گریمانە دەکرێت کە بزوێنەرێکی بنەڕەتی جۆرەکانی دیکەی نائەمنی بێت.

**چوارچێوەی تیۆری**

قوتابخانەی کۆپنهاگن وەک یەکێک لە گرنگترین قوتابخانە نوێیەکانی بواری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن کۆمەڵێک لێکۆڵەری ئەورووپییەوە دامەزرا کە سەرەکیترینیان Barry Buzan، Ole Wæver ، Jaap de Wilde، و Morton Kelstrup بوون. ئەم قوتابخانەیە وەکو هەوڵێک بۆ دووبارە پێناسەکردنی چەمکی ئاسایش و فراوانکردنی ئەو بەرتەسکانەی کە لە چوارچێوەی نەریتیی ئەمنی نیشتمانیدا دیاری کرابوون، سەرهەڵدا. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵمان داوە سود لە میتۆدی شیکاری و وەسفی وەربگرین و لەهەمان کاتدا شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و توێژینەوەی زانستی و بەڵگەنامە فەرمییەکان مان بەکارهێناوە وەک زانیاری و داتای ورد بۆ گەیشتن بە وەڵامی گریمانەکەمان .

**دەستپێک: ناساندنی چەمکی ئاسایش**

لێرەدا بەپێوویستی دەزانین باس لە چەمکی ئاسایش وپێناسەی ئاسایش بکەین، بۆ ئەوەی ڕاڤەیەکی زانستیانە بۆ ئەم چەمکە بخەینەڕوو. پرسی ئاسایش پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە لەلایەن بیرمەندان وقوتابخانەکان، لێکۆلینەوە

وشرۆڤەکردنی ئەم چەمکە بەشێکی زۆریان لەسەر هەندێ بابەتدا کۆکن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە لەسەر چەمکی ئاسایش.

چەمکی ئاسایش (Security) دەستەواژەیەکی لاتینیە(Securita – seciritatis) کەپێکدێت لە (Sine cura) واتەهەڵومەرجێکە هیچ مەترسی وهەڕەشەیەکی نییە[2]، بەشێوەیەکی گشتی چەمکی ئاسایش یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکان وناتوانرێت پێناسەیەکی یەکگرتووی بۆ بکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی فرەڕەهەندە و لە چەند چەمکێکی ترەوە نزیکە، لەوانە(هێز،هەڕەشە و مەترسی)، هەر ئەمەش وایکردووە ناساندنی چەمکی ئاسایش ڕێژەیی بێت.[3]

لەڕووی زمانەوانییەوە ووشەی ئاسایش لە فەرهەنگی زمانی کورددا بەمانای بێ ئاژاوەیی و ئارامگرتن دێت. لەزمانی عەرەبدا وشەی(الأمن) بەکاردێت، هەروەها لە زمانی ئینگلیزی ووشەی(Security) بەمانای ئاسایش ودوور لەهەڕەشە دێت، بەشێوەیەکی گشتی گەر بێتو بەزمانی کوردی خوێندنەوەی بۆ بکەین لێرەدا ئاسایش : واتە هەڵومەرجێک هێمن و دوور بێت لەکێشە و هەڕەشە.[4]

وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا (هێنری کێسنجەر)، بەمشێوەیە پێناسەی ئاسایش دەکات "جەوهەری ئاسایش بریتییە لەهەموو ئەو ڕەفتارە بەکۆمەڵانە کە دەوڵەت بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی وەریاندەگرێت)[5]. لەلایەکیتر، باری بۆزان بەو شێوەیە پێناسەی ئاسایش دەکات کە بریتییە لە "پارێزگاری لە مەترسی ماددیی و هەستکردن بە دڵنیایی وئاسایشی زەینی، و ڕزگاربوون لە دڵەڕاوکێی و دوودڵی".[6]

دەتوانیین بڵێین، پێناسەی هێنری کێسنجەر بۆ پرسی ئاسایش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئامانجی باڵای هەر کۆمەڵەیەک بەرجەستە دەبێت لەمانەوە و بەردەوامبوونی؛ هەروەها لە پێناسەکەیدا، باری بۆزان وەها دەڕوانێتە ئاسایش کە بریتییە لە دووربوون لە مەترسی و هەڕەشەکان.

لێرەدا دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆئاسایش بکەین و بڵێین ئاسایش بریتییە لەوەی کە تاکەکان هەست بە دڵنیایی و ئارامی بکەن بە شێوەیەك کە لە هەر مەترسی و هەڕەشەیەک بەدوور بن.

**باسی یەکەم:ڕەهەندەکانی ئاسایشی سیاسی**

لەروانگەی باری بۆزان، رکابەرایەتی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی سیستەمی سیاسی دەخاتە مەترسییەوە، هەروەها بەرگریکردن لەو مەترسیانە کە لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی ڕەوایەتی سیستەمە سیاسییەکە دەخەنە ژێر هەڕەشەوە، بەیەکێک لە کۆڵەکەکانی ئاسایشی سیاسی دادەندرێت؛ بەم پێیەش، پاراستنی سەقامگیری سیاسی دەوڵەتێک بە پێشینەییەکی ئاسایشی دادەندرێت، بۆیە کێشە و گرفتی ئایدیۆلۆژی و ناسنامەیی کە لەنێوان هاوڵاتیان و دەوڵەت؛ هەروەها کە لە نێوان خودی

---

- [2] پەروێزڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە:کۆماری ئیسلامی ئێران بەنموونە، چاپخانەی (ماد)تاران،هەولێر،٢٠٢٠، ل١١.
- [3] هەمان سەرچاوە، ل٢٠.
[4] -کارزان أحمد عومەر، ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق(لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لەدوای ساڵی ٢٠١٤، نامەی ماستەر،کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠٢٣،ل١٠.
- [5] کارزان أحمد عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل١٢.
[6] - Barry Buzan ,People State and Fear an Agenda for international Security Studies in the postcold war,an imprint of pearsons education longman,second edition, 1991, p.329

ئەکتەرە سیاسییەکان دروست دەبێت بە پرسێکی نائاسایشی دادەندرێت؛ لە هەرێمی کوردستان ئاسایشی سیاسی رووبەرووی چەندین کێشەو مەترسی بۆتەوە کە لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەروو.

**تەوەرەی یەکەم:داینامیکیەتی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر -بەغدا**

لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوام هەڵکشانی و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش وایکردووە کاریگەری نەرێنی لەسەر گشت سێکتەرەکانی ئاسایش درووست بکات. لێرەدا چەندین پرس هەن کەسەرچاوەی سەرەکی کێشە بەردەوامەکانی هەرێم و بەغدان و دیارترین پرسیش ناوچەکێشە لەسەرەکانە کە بۆ هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە پرسی خاک و سنوور دادەنرێت[7]، هەرچەندە چارەسەرکردنی ئەم پرسە لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە ئەم پرسە چارەسەر بکرێت. لەلایەکی تر، لە ساڵی ٢٠١٤، حکومەتی ئەوکاتی عێراق (کابینەی نوری مالیکی) بڕیاریدا بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، کە گورزێکی کوشندە بوو بۆ هەرێمی کوردستان و ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی قووڵی کردووەتەوە، کە هۆکاری ئەو بڕیارەش دەگەڕایەوە بۆ هەناردەکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێم بۆ دەرەوە بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی. هەروەها، لەکاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ڕێکەوتی٢٠١٧/٩/٢٥ لەلایەن هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم وبەغدا لە گرژی سیاسییەوە پەلکێشا بۆمەترسی پێکدادانی سەربازی، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ حکومەتی عێراق هێرشی کردە سەر ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دواتر هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە.[8]

هەروەها زۆرجار پرسە ئابوورییەکان ( نەوت و وزە) وەک کارتێکی سیاسی لەلایەن حکومەتی عێراق بەکاردەهێنرێت لە دژی هەرێم. لەدوای ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدرالی گوشارەکانی چڕکردەوە بەڕووی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەک سنووری ئاسمانی وشکانی داخست و هێرشی سەربازی کردە سەر ناوچەکانی ماددەی ١٤٠. جگە لەوەش، حکومەتی بەغدا هەموو گوشارەکانی لەڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە، کە بەرزترین دادگایە، سکاڵای یاسایی بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی نادەستووربوونی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان تۆمار کرد، ئەمەش بەهێزترین هەوڵی بەغدا بوو دژ بە هەرێم.[9]

لەلایەکیتر، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، هەرێمی کوردستانیان لە وەرگرتنی قەرزی دەرەکی و هاوکاریی و پێداویستییە سەربازییەکان بێبەش کردووە، تەنانەت وەک کارتێکی سیاسی لەدژی هەرێم بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە لاوازی بکەن، ئەم ناکۆکییە سیاسییانە راستەوخۆ ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستانیشی تووشی مەترسی کردۆتەوە، بەو پێیەی کە ئاسایشی سەربازی دەستەبەری ئاسایشی سیاسی دەکات و بەپێچەوانەوەشەوە،بەڵام کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر وایکردووە کە هێزی سەربازی کوردستان کە پێشمەرگەیە نەتوانێت پرچەک بکرێت و لاواز بێت، ئەمەش مەترسیدارترین پرسی ئاسایشییە بۆ ئاسایشی سیاسی و سەربازی و تەنانەت مانەوەی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی، کە کۆی پرسەکانی تریش دەخاتە پەراوێزەوە لە ئەگەری دروستبوونی مەترسییەکی سەربازی.

**تەوەرەی دووەم:دەرفەت و ئاستەنگەکانی سەقامگیری سیاسی ناوخۆیی**

---

[7] - د.عابد خالد رسول، هەرێم و بەغداد، واقیعێکی تاڵ و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە ٥، سلێمانی، کانونی یەکەمی ،2021 ل.6

[8] - کارزان أحمد عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل.ل.٦٠-٦١.

[9] -هەمان سەرچاوە،ل.٨٣-٨٥.

ناکۆکی نێوان هێزە کوردییەکان، وەک هەمیشە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو گەورەترین پارتی سیاسی هەرێمی کوردستانە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، کە لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، بە جەنگی ناوخۆیی نێوانیان یان ململانێ و ڕێکەوتنی ستراتیژیی دوو قۆڵییان، سەرچاوەی زۆربەی گرفتەکان و جوڵێنەری گرنگترین ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی هەرێم بوون

[1]، هەر لە دابەشکردنی بڕیاری سیاسی، دەسەڵات و سەرچاوە داراییەکانەوە تا دووڵەتکردنی جوگرافیای هەرێم و دووبارە یەکگرتنەوەیەکی لەرزۆک لەسایەی جۆرێک لە دووئیدارەیی شاراوەدا. هۆکارە بنەڕەتییەکانی ناکۆکییەکانیش تا ئێستا بەردەوامە و ئەگەری قووڵبونەوەشی مەترسیدارترە، بەتایبەت لە بواری ڕێکنەخستنی هێزی پێشمەرگە، دەزگا ئەمنییەکان، نەبوونی دیدێکی ستراتیجی هاوبەش بۆ سیاسەت و ئاسایشی دەرەکی هەرێم. هەڵبەت، ئەم ناکۆکییانە بە تەنیا هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی قەوارەکە ناکەن، بەڵکو هۆکاریشن بۆ نەبوونی یەک دیدگا بۆ کێشە نیشتمانییەکان لە دەرەوەی هەرێم؛ وێڕای نەبوونی یەکڕیزی لەبەردەم ئاڵوگۆڕە دەرەکییەکاندا، کە زۆرجار سەرچاوەی هەڕەشە و کاریگەریی کوشندەی هەرێمی و نێودەوڵەتیی بوون بۆ سەر قەوارەی سیاسی هەرێم.[2]

کێشەی سیاسی کە ڕەهەندێکی ئاسایشی وەرگرتوو لێرەدا لایەنەکانی بەشدار خۆیان بە خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە نازانن و تەنانەت هەندێ جار ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن، وەک بوونی پارتی حوکمڕان و دەرکەوتنی وەکو ئۆپۆزسیۆن. هەندێک جار حزبی حوکمڕان وەکو ئۆپۆزسیۆن دەردەکەوێت سەرەڕای بوونی لە حکومەت و بەشداری لە پێکهینانی کابینە. ئەمەش لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن و بەشدارینەکردن و بایکۆتی تیمەکانیان لە حکومەت و تەنانەت لەناو پەرلەمانیش ڕەنگیداوەتەوە. میدیاکانی حزبەکان جگە لە باسکردنی کارو چالاکی و وەزیر و بەرپرسانی خۆیان لە حکومەت، پاڵپشتی لە سیاسەتی گشتی کابینەی حکومەت ناکەن و لە زۆر حاڵەتیشدا وەکو میدیایەک ی ئۆپۆزسیۆن مامەڵەیان کردووە،و ئەم کارەش هەم لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنەکان و هەمیش لەسەر ئاستی حکومەت و پەرلەمانیش بەدیارکەوتووە. لێرەدا ناکۆکی ناوخۆی خودی حزبە سیاسییە کان ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوایەتی حکومەت و سیستەمە سیاسییەکە هەبووە. تەنانەت هەندێک جار لەلایەن لایەنە سیاسییەکان هەڕەشەی کشانەوەش لە حکومەت کراوە.[3]

کۆی ئەم هاوکێشانەش ئەوە دەردەخەن کە ناکۆکی سیاسییە حزبی و تاکە کەسییەکان ڕۆڵی لەسەر لاواز کردنی ڕەوایەتی حکومەت و تەنانەت پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بارگرژی سیاسی و ناسەقامگیری سیاسی هەبووە. جێگەی ئاماژەیە، حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەلایەك ناکۆکیان پێکەوە هەیە و لەلایەکی تریشەوە لە ئاستی ناوخۆییان ناکۆکی و گرفتیان هەیە. لە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزسۆن چەند جۆرێکن، بەشێکیان ئەو پارتانەن کە لە پەرلەمانی کوردستان کورسییان هەیە بەڵام بەشدار نین لە حکومەتدا و بەرەی ئۆپۆزسیۆنبوونیان هەڵبژاردووە، لە پاڵ ئەمانەشدا چەند پارت و لایەنی سیاسیتر هەن کە کورسی پەرلەمانییان نییە. زۆر جار ئۆپۆزسیۆن ڕەخنەی توند نەک هەر لە کارایی حکومەت دەگرن بەڵکوو داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە و هەڵوەشاندنەوەی کابینەی حکومەت دەکەن. بە گشتی، ئۆپۆزسۆنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان، وادەکات کە هەرێم بکەوێتە مەترسییەکی قووڵ و جدییەوە، کە تەنانەت هەڕەشە لە مانەوەشی دەکات، هەر بۆیە دەبینین کە بە ئاشکرا لە ئەنجامی ئەم ململانێیە سیاسییانە ، بۆ نموونە لە هەر ساتێکدا ناکۆکی نێوان هێز و لایەنە کوردستانییەکان، بە تایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان توندبوویێتەوە، مەترسی دوو ئیدارەی یەکێک بووە لەو پرسە ئاسایشییانەی کە هەڕەشە لە قەوارەی دانپێدانراوی سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستان

[1] - د.یوسف گۆران و ئەوانیتر، ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا؛گرفتە سیاسی و ئابورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا، گۆڤاری ئایندەیی،ژمارە٧، سلێمانی،٢٠٢٠،ل٢.

[2] - هەمان سەرچاوە .ل٢.

[3] زوبێر ڕەسول، هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی؛ چ جۆرە پەیوەندییەک؟، سەنتەری توێژینەوە و ڕاپرسی کوردستان24، هەولێر، 2022، ل٢٣.

دەكات، تەنانەت چەندینجار، پرسی دروستبوونەوەی دوو ئیدارەیی هاتە ئاراوە و هەندێك جار هەڕەشەی دروستكردنی دوو هەرێمیی دەكرێت كە ئەمەش جگە لە ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی هەرێمی كوردستان لە ڕووی مانەوە و بەردەوامییەوە دەخاتە مەترسییەوە، ئەو دۆخەش بە بەرزترین ئاستی نائاسایشی دەزاندرێت. پرسێكی مەترسیدار بۆ ئاسایشی سیاسی هەرێمی كوردستان ئەوەیە كە هەندێك جار داوای جێبەجێكردنی لامەركەزیەتی ئیداری و دارایی بۆ پارێزگای سلێمانی كراوە، لەلایەكی ترەوە سەرچاوەی دابەشبوونە جوگرافیەكانی هەرێمی كوردستان بەسەر دوو زۆنی زەرد و سەوزدا، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دوو گێرانەوەی تەواو جیاواز بۆ مێژووی سیاسی كە دواجار لێكترازانی سیاسی و كۆمەڵایەتی لێدەكەوێتەوە. تەواوی ئەو هەنگاوانەش كار دەكاتە سەر هەموو بوار و ڕەهەندەكانی تری ئاسایشی هەرێمی كوردستان.[1]

تەوەرەی سێیەم:پێگە و متمانەی نێودەوڵەتی هەرێمی كوردستان

حكوومەتی هەرێمی كوردستان گرنگی دەدات بە دامەزراندنی پەیوەندی ئاشتیانە لەگەڵ دراوسێكانی و دڵنیایی دەكاتەوە كە لە ئاستی جیهانیدا ڕێز لێگراو بێت، هەروەها وەک لایەنێكی گرنگی نێودەوڵەتی خۆی دەبینێت لە بوارەكانی بازرگانی، دارایی و ئاسایشدا. لە ماوەی ڕابردوودا، بەرپرسیارێتی بەرەنگاربوونەوەی ڕێكخراوی داعشی لەخۆگرت و زیاتر لە ١.٧ ملیۆن كەسی ئاوارەی گرتەخۆ، كە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. هەروەها بە فەرمی ڕایگەیاندووە كە ڕێزی وڵاتانی دراوسێی عێراق دەگرێت لە بەڕێوەبردنی كاروباری نێوخۆییاندا. ئەو بەهایانەی كە هەرێمی كوردستان پێوەی پابەندە وەك دیموكراسی، هاوژیانی ئاینی و كولتووری و حوكمڕانی یاسایی، وا دەكات هاوپەیمانێكی هاوسەنگ بێت لەگەڵ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەروەها، هاوپەیمانێتی بەهێزی هەیە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاواییە، وەک لە تێپەڕاندنی داعش، هاوكاری فراوانی ئاسایشی و ڕاهێنان، و پەیوەندی بازرگانی بەهێز كە بە ملیارەها دۆلار دەپێورێت. هاوپەیمانەكانی بە چالاكی یارمەتی دەدەن بۆ چاكسازی و پتەوكردنی بەشەكانی ئاسایش و حكوومڕانی. ئەولەویەتی حكوومەت بریتییە لە فراوانكردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی بەهێزەكانی و پتەوكردنی تۆڕی دیپلۆماسیەكانی، بۆ ئەوەی كوردستان لە ناوەندی گفتوگۆ گرنگەكانی ئاسایش و بازرگانیدا جێگیر بێت .[2]

گۆڕانكارییەكانی ساڵی 2003ی عێراق و پەسەند كردنی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، دەستپێكێكی گرنگ بوو لە پتەوكردنی پێگەی نێودەوڵەتی هەرێمی كوردستان، چونكە بە فەرمی چوارچێوەی یاسایی بۆ خۆبەڕێوەبەری كوردی لە سیستەمی فیدراڵی عێراقدا هێنایە ئاراوە. ئەم گۆڕانكارییە یاسایە وایكردووە كە كوردەكان ببنە هێزێكی بڕیاردروستكەر لە سیاسەتی نەتەوەیی عێراقدا و توانیویانە متمانەی دیپلۆماسی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەدەستبهێنن، هەرچەندە هێشتا وەک دەوڵەتێكی سەربەخۆ ناسراو نین. ئەگەرچی بەشێك لە توێژەران لە لێكۆڵینەوەكانیاندا هەرێمی كوردستانی عێراق بە قەوارەیەكی نزیک لە دەوڵەت یان بە نیمچە دەوڵەت دەناسن، كە ئەمە نیشانەی ئاستێكی بەرزی خۆبەڕێوەبەریە لە ناوخۆ و پەیوەندییە دەرەكییەكانی. هەروەها، ئەم كیانە خاوەنی هێزی سەربازی تایبەتی خۆیەتی كە زیاتر لە سەد هەزار پێشمەرگەیە. جگە لەوەش، سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان لە بواری دیپلۆماسیدا ناسنامەی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە و لە چەندین بونەی جیهانیدا نوێنەرەكانی بەشداری دەكەن.[3]

---

[1] زوبێر ڕەسول، هەرێمی كوردستان و دراوسێكانی؛ چ جۆرە پەیوەندییەک؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

[2] Kurdistan Regional Government. "Foreign Relations." *The Government's Mission*. Accessed June 18, 2025. https://gov.krd/english/the-governments-mission/foreign-relations/.

[3] Sommer, Filip. *Geopolitics of Iraqi Kurdistan: A Role of External and Internal Actors in the Kurdish Issue*. Master's thesis, Charles University in Prague, 2021, P.11-12.

لەدوای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٩٢، حکوومەتی هەرێم چەندین سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان، لەوانە نۆژەنکردنەوەی ژێرخان، بنیادنانی فڕۆکەخانەکان و سیاسەتی چالاکانەی نەوت و گاز، کە ئەمەش بووە هۆی باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ چەندین لایەن لە بواری نێودەوڵەتی. ڕووداوێکی گرنگ کە کاریگەری لەسەر پێکهێنانی هەرێمی کوردستان وەك کیانێك هەبوو، هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" بوو کە لە ٢٠١٤، شەڕکردن دژی ئەم لایەنە نوێیە لە هەرێمەکە هەم سەرنجی نێودەوڵەتی و هەمیش یارمەتی بۆ کورد هێنا، هەروەها فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی حکوومەتی هەرێم تا ڕێژەی ٤٠٪. بەم شێوەیە کوردانی عێراق و هێزە چەکدارەکەیان پێشمەرگە پێگەیەکی بنەڕەتیان لە ناوچە جێناکۆکییەکانی شاری کەرکووك و کێڵگە نەوتییەکانی دەوروبەری کەرکووك و پارێزگای نەینەوا بەدەستهێنا. ئەم ناوچانە تا ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ لەژێر کۆنترۆڵی کوردا مانەوە .[1]

هەڵبەت، دوای دەستبەسەرداگرتنی شاری مەخموور لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠١٤، مەترسییەکان لەسەر کەوتنی هەولێر ئاشکرا بوون. کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەست بەو مەترسییانە کرد، بەیەکجارەکی دەستیان بە بۆردومانکردنی چەکدارانی ڕێکخراوەکە لە شاری مەخموور کرد. لە ڕاستیدا پاڵنەری سەرەکی هێرشە ئاسمانییەکان لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، دروستبوونی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی لە هەرێمی کوردستان و کەوتنە ژێر هەڕەشەی ژیانی ژمارەیەک هاوڵاتی ئەو وڵاتە بوو، سەرەڕای ئەوەی چەندین کۆمپانیای ئەو وڵاتە لە هەرێمی کوردستاندا سەرقاڵی کاری دەرهێنانی نەوت و بازرگانی بوون. بۆیە، لە ساڵی ٢٠١٤ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانییەوە خێرا هاتنە نێو پرسەکەوە. هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەریان گێڕا لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی سەر بە ڕێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامی"، هەر ئەو هۆکارەش وایکردووە ببێتە هێزێکی ڕێزلێگیراو و خاوەن پێگە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، کە لە لایەن چەندین دەوڵەتەوە پشتگیری سەربازی لێبکرێت، چی بە هێرشی ئاسمانی پاڵپشت یاخود مەشق و ڕاهێنان و پێدانی چەک.[2]

لە کۆڕبەندە ئاسایشییە جیهانییەکاندا، هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵی خۆی لە ڕێگەی بەشدارییکردنییەوە بینیووە وەك کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ (MSC)، کە لەسەر پەرەسەندنی بەشداریکردنی لە دیپلۆماسی نێودەوڵەتی و گوتاری ئەمنیدا کردووەتەوە. لە ساڵی ٢٠١٦ وە شاندە باڵاکانی کورد بە بەردەوامی بەشداریی دەکەن، بە بەکارهێنانی ئەو پلاتفۆرمە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر سەقامگیری ناوچەکە و هاوکاری ئاسایشی و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧، مەسعود بارزانی سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان، نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی کرد و کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لەگەڵ سەرکردە دیارەکانی نێودەوڵەتی ئەنجامدا. ساڵانی دواتر بەردەوامبوونی بەخۆیەوە بینی، لەوانە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. جێی ئاماژەیە، کۆنفرانسی ٢٠٢٠ و ٢٠٢٢ گفتوگۆی ستراتیژی لەگەڵ شاندەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا، نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەکە ئەنجامدرا. ئامادەبوونی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤، هەروەها بەشداریکردنی لە ساڵی ٢٠٢٥، پابەندبوونێکی بەردەوام نیشان دەدات بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆی جیهانی سەبارەت بە ئاسایش و دیپلۆماسی. ئەم بەشدارییە بەردەوامە ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستانە بۆ بەرزکردنەوەی متمانەی نێودەوڵەتی و پرۆژەی خۆی وەک ئەکتەرێکی جێگیر و چالاکانە لە کاروباری ناوچەکەدا.[3]

---

[1] Ibid, P.22-23.

[2] محمد أحمد مجيد، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر گەشەسەندنی تیرۆریزم (ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی وەك نموونە)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، 2016، ل65-66.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن دەکات، شوبات ٢٠٢٠، بەدەستهێنراو لە ١٨ی حزیرانی ٢٠٢٥، https://rb.gy/xqgd49 .

هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام ئامادەیی خۆی لەسەر شانۆی ئابوری جیهانی زیاد کردووە لە ڕێگەی بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی (WEF) لە داڤۆس. لە یەکەمر دەرکەوتنی لە ساڵی ٢٠١٤ کە سەرۆک مەسعود بارزانی بەشداری کرد، لەو کاتەوە هەرێم ئامادەییەکی بەردەوامی هەبووە. لە ساڵی ٢٠٢٤ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی شاندێکی باڵای کرد بۆ ٥٤مین کۆڕبەندی داڤۆس، بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک بازرگان و وەبەرهێنەر لە هەرێمی کوردستانەوە یاوەری بوون. داڤۆس نەک تەنیا شوێنێک بۆ چارەسەرکردنی چۆنیەتیی ڕووداوە جیهانییەکانە کە دەرئەنجامە ئابوورییەکان ئاراستە دەکەن، بەڵکو وەک سەکۆیەک بۆ کۆبوونەوە و هاوبەشی گرنگ کاردەکات. لە ٢٠٢٤دا "ماڵی کورد" لە کۆڕەکەدا دامەزرا بۆ ئاشناکردنی ئامادەبووان بە توانا ئابووری و کولتوورییەکانی هەرێمی کوردستان. کارنامەی سەرۆکوەزیرانی کابینەی نۆیەمر بریتیبوو لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتان و وەزیران و سەرکردەکانی بازرگانی جیهانی بۆ بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان و خستنەڕووی هەرێمی کوردستان وەک بازاڕێکی سەقامگیر و تازەپێگەیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە بەشداریکردنی زیاتر لە ٢٨٠٠ بەشداربوو و ٦٠ سەرۆکی دەوڵەت لە کۆڕبەندی ٢٠٢٤، بەشداریکردنی هەرێم ڕەنگدانەوەی پاڵنەرێکی ستراتیژییە بۆ دیپلۆماسی ئابووری لەنێو گفتوگۆ جیهانییەکان سەبارەت بە ناسەقامگیری جیۆپۆلەتیکی، گۆڕانکارییە ژینگەییەکان و گۆڕانکاری تەکنۆلۆژی. حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی بەردەوامی بەشداریکردنیەوە نەک هەر متمانەی نێودەوڵەتی خۆی بەهێزتر دەکات بەڵکو خۆی وەک ئەکتەرێکی جددی لە گفتوگۆی ئابووری و سیاسی جیهانیدا جێگیر دەکات.[1]

سەرەڕای پرسە سیاسی، ئاسایشی و ئابوورییەکان هەرێمی کوردستان بەشداری کۆڕبەند و کۆنفرانسە ژینگەییەکان دەکات لەوانە کوپ (COP)، کە تێیدا سەرکردەکانی جیهان، بەرپرسانی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، خاوەنکارەکان، کەرتی کۆمپانیاکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، چالاکانی ژینگەپارێزی هەموویان ئامادەی دەبن. بەمەبەستی ئاشناکردنی وڵاتان بە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لە چوارچێوەی کردەوە جیهانییەکاندا، هەرێم بەشداریی لە کۆبوونەوەی دوبەی ٢٠٢٣ و باکۆی ٢٠٢٤ کرد. لەپاڵ ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، ئامانجێکی دیکەی حکومەتی هەرێم کەڵک وەرگرتن و هەماهەنگییە لەگەڵ گەلانی دیکەیە بۆ زیادکردنی ڕێکارەکانی پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان.[2]

باسی دووەمر:ڕەهەندی ئاسایشی ئابووری

چەمکی ئاسایش لە پرسێکی ڕووتی سەربازییەوە گۆڕاوە بۆ پرسێکی گشتگیری کۆمەڵایەتی، کە پەیوەندی بە ڕادەی توانای دەوڵەتان و کۆمەڵگاکانەوە هەیە بۆ جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەی گەشەپێدانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوری. هەروەها بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەکانی خۆیان. لەو چوارچێوەیەدا "ڕۆبەرت مەکنمارا" وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکا و سەرۆکی بانکی جیهانی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "جەوهەری ئاسایش" ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسایش بە تەنیا کەرەستەیەکی سەربازی نیە، هەتا ئەگەر ئەویش لەخۆ بگرێت. ئەوەش بەو مانایە نیە کە دەوڵەت هێزی سەربازی چالاکی سەربازی نەبێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئاسایش گەشەپێدانە، بەبێ گەشەپێدان ئاسایش نییە و ئەو وڵاتانەی گەشە ناکەن بە

[1] بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان "حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس بەشدار دەبێت، 15 کانوونی دووەمر 2024، بەدەستهێنراو لە ١٨ی حزیرانی ٢٠٢٥، https://rb.gy/1e0jwh .

[2] بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان "هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسی لایەنەکان (کۆپ 29) لە باکووی ئازەربایجان دەکات، 12 تشرینی دووەمر 2024، بەدەستهێنراو لە ١٨ی حزیرانی ٢٠٢٥، https://rb.gy/8piw0d .

سادەیی ناتوانن بە ئاسایشی بمێننەوە[1]. کەواتە دەکرێت ئاسایشی ئابوری پەیوەندی بە هەموو جۆرەکانی تری ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و سەربازی و پەروەردە و تەندروستییەوە هەبێت.

**تەوەرەی یەکەم:سەرچاوە سروشتییەکان و وزە**

لەدوای ساڵی ٢٠١٤، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی بووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن چەندین سەرچاوەی سروشتی و وزەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەسیاسەتی ئابووری دا تەنیا پشتی بەنەوت بەستووە و سەرچاوەکانی تر فەرامۆش کراوە، لێرەدا دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئابوورییەکەی (ئابووریەکی کرێخۆرە)یە[2]، بۆیە لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لەڕووی بودجەوە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت،لەم چوارچێوەیەدا تاکسەرچاوەی سیمایەکی سەرەکیی بووە. جگە لەمانەش، لە ڕێگەی دەستی دووە ئابوورییەکی کرێخۆر بووە و هەموو نەخۆشییەکانی ئەو جۆرە ئابوورییە بە تەواوی تێیدا گەشەی کردووە. بەم پێیەش لە ڕووی داراییشەوە لەژێر هەڕەشە و مەترسیدا بووە. ئەگەر دارایی وڵاتانی کرێخۆر لەژێر کاریگەریی گۆڕانی نرخ و ڕەوشی بازاڕی کەرەستە خاوە هەناردەکراوەکانیاندا بووبێت، ئەوا دارایی هەرێم سەرباری ئەوە لەژێر کاریگەری پەیوەندییە سیاسییەکانیدا بووە لەگەڵ بەغدا بەهۆی بڕینی مووچە و بودجەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە.[3]

بەگەرنەخستنی سامان وزە و سامانی سروشتی و لە دەستدانی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتەکان بەسەر کۆمەڵگا، هۆکارە بۆ لاوازبوونی پێگەی ئابووری دەوڵەت وە دەرپرینە لە بێتوانای ستراتیژی و سیاسی ئابوریەکەی. وڵاتانێک هەن سەرەڕای پێویستی زۆریان بە سەروەت و سامانەکەیان بەلام ئەمر دەرفەتەیان نەقۆستۆتەوە وڵاتانی دیکەش هەن سەروەت و سامانەکەیان قۆستۆتەوە بەڵام نەیانتوانیوە دادپەروەری بە دەست بهێنن لە دابەشکردنی داهات بەشێوەیەکی گونجاو کە ئەمەش بۆتە هۆی بەرزی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و نزمی ئاستی ژیان. هەرێمی کوردستان لە ئێستادا نموونەیەکی ڕوونە بۆ پشت بەستن بە یەک جۆری سەرچاوەی داهات، کە وا دەکات دارمانی ئابووریەکەشی ببێتە ئەمری واقع ، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم چەندین ساڵە نەوت هەناردە دەکات بەڵام لە ماوەی سالانی حکومڕانییدا جگە لە نەوت نەیتوانیوە پشت بە سەرچاوەی دیکە بۆ داهات ببەستێت .لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ بە دواوە حکومەتی هەرێم دەستی بە هەناردەی نەوت کردووە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ پشت بەو داهاتە دەبەستێت کە پێشتریش لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە تا سالی ٢٠١٤ هەر پشتی بە داهاتی نەوت دەبەست ، بەڵام بەشە بودجەکەی لە حکومەتی عێراق وەردەگرت نەک راستەوخۆ فرۆشتنی نەوت ، بۆیە نەیتوانیوە سەرچاوەیەکی دیاریکراوی داهاتی هەبێت .[4]

حکومەتی هەرێمی کوردستان کەرتەکانی دیکەی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزاری تاڕادەیەک فەرامۆشکردووە نەیتوانیوە بیانکاتە سەرچاوەی بنەڕەتی داهات تەنیا ئەوە نەبێت لە ڕێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەکانەوە بڕێک لە پارە بۆ پرۆژەکان تەرخان دەکات، ئەمەش وایکردووە کە نەتوانرێت پەرە بە داهاتی ناوخۆ بدرێت و پشت بە دەرەوە نەبەسترێت، لەگەل ئەوەی کە خاکی هەرێمی کوردستان بە پیت و گونجاوە بۆ کشتوکال کە بە ١٧ ملیۆن دۆنم زەوی مەزیندە دەکرێت جگە لەوەی کە کەشوهەواکەشی گونجاوە بۆ کشتوکاڵکردن بەلام تا ئێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە گیروگرفتەکانی

---

[1] کامەران محمد عزیز، ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەسەردەمی نادڵنیاییدا، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، سالی ٢٠١٥، ل ٣٨.

[2] - صالح عمر عیسی-پەروێز رحیم قادر، ئاسایشی ئابووری لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەک نموونە، گۆڤاری قەڵای زانست،بەرگی ٦، ژمارە٤، ٢٠٢١،ل١٥٨.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل١٥٨-١٥٩.

[4] سەرکۆ یونس، هەرێم وئابووری کرێخۆر، ماڵپەری ئاوێنە، رۆژی بڵاوکردنەوە١١/٥/٢٠٢٢، رۆژی سەردانی کردن٦/٥/٢٠٢٥: https://www.awene.com/article?no=18418&auther=1545

بەردەم گەشەکردنی و پەرەپێدانی ئەم کەرتە چارەسەر بکات، بەڵکو پشتی بەستووە بە نەوت و کشتوکاڵیش وەک کەرتێکی گرنگ کە دەتوانرێت جێگرەوەی نەوت بێت لە داهات، پشگوێخراوە.[1]

هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە ٢٩% ی یەدەگی نەوتی خاو و زیاتر لە ٦٠% یەدەگی گازی سروشتیی عێراقە، هەروەها خاوەنی بۆڕی گواستنەوی نەوتە بۆ بەندەری میرسین لە تورکیا بە توانای هەناردەکردنی ٧٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لەگەڵ ئەوەشدا توانای پالاوتنی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا هەیە کە دەکاتە ٣٠% کۆی توانای پالاوتنی ناوخۆی عێراق؛ لەلایەکیتر، وێستگەکانی کارەبای هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لە ٦٠٠٠ مێگاوات کارەبای هەیە و ٥٠% ئاوی عێراق بە ناو خاکی هەرێمدا تێدەپەڕێت، کە ئەم هۆکارانە گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستانی زیادکردووە. بەهۆی ئەوەی مانەوەی فاکتەرەکان لە ئاسایشی ووزەدا بەردەوام و هەمیشەیی نییە ،پێویستە هەرێمی کوردستان گرنگی بدات بە پاراستنی فاکتەرەکان و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئاسایشی ووزەی عێراقدا بەرز ڕابگرێت وەک بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و زیادکردنی توانای گواستنەوەی بۆڕی نەوتی کوردستان وگەشەدان بەو کەرتە .[2]

تەوەرەی دووەم: لێکەوتەکانی بێکاری وگەندەڵی

بێکاری لە هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم دانیشتووان دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر کۆی سێکتەرەکانی ئاسایش هەیە. بەپێی داتاکانی دەستەی ئامار بە نموونە لە ساڵی ٢٠١٤ ڕێژەکە 6.53 %[3] و ٢٠١٨ ڕێژەکە 9% بووە[4] بەڵام داتاکانی ساڵی ٢٠٢١ دۆخێکی نیگەرانکەر لە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان دەخەنە ڕوو. تەنها ٤٥٪ لە دانیشتوانی تەمەنی کار بەشداری لە هێزی کاردا دەکەن کە لەنێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٦٤ ساڵیدا پێناسەکراوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی زۆر لە خەڵك لە خزمەتگوزاری کاردا بەشدار نین. ئەم کەمییە لە بەشداریکردن هۆکاری سەرەکیە بۆ کەمی بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی ئابووری لە هەرێمدا. جیاوازی زۆری نێوان ڕەگەزەکان دیارە، کە ڕێژەی بەشداری نێرەکان ٧٣.٥٪ یە لە بەرامبەر ١٦.٥٪ بۆ مێینەکان. بۆ ساڵی ٢٠٢١، ڕێژەی گشتی بێکاری لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ١٦.٥٪، کە لە ستاندارد نێودەوڵەتیەکان زۆر بەرزترە و دەبێتە هۆی کێشەی جدی بۆ سەر ئاسایشی ئابووری. ئەم ڕێژە بەرزەی بێکاری کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی خێزانەکان و کۆمەڵگا دادەنێت. جیاوازی بەرچاو لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمدا دیارە. پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی بێکاری تۆمار دەکات بە ٢٤.١٪، لە بەرامبەردا، پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دۆخی باشتریان هەیە بە ڕێژەی ١٢٪ و ١٠.٤٪.[5] ئەگەر دوو ساڵ دواتر و ٢٠٢٤ وەربگیرێت ئەوە ڕێژەکە دابەزینێکی کەم کردووە بۆ 15.25%.[6] بێکاری بەرز و کەمی بەشداری لە هێزی کار کاریگەری نەرێنی فرەلایەنە لەسەر ئاسایشی ئابووری دادەنێت. لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەم دۆخە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) کەم دەکاتەوە و توانای بەرهەمهێنانی هەرێم سنووردار دەکات.

---

1 ئەرسەلان پەرۆش ،کەی حکومەتی هەرێم کشتوکاڵ دەکاتە جێگرەوەی نەوت؟، ماڵپەری کوردستانی نوی،ڕۆژی بلاوکردنەوە٢٠٢٤/٣/٤، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٦/٧: https://knwe.org/KU/Details/16103

2 شەهریار شێخلەر ، ئاسایشی وزەی عێراق و پێگەی گرنگی هەرێمی کوردستان ، ماڵپەری ڕووداو، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٩/٩/٢٣، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/230920191

3 دەستەی ئامار، وەزارتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2014، *https://krso.gov.krd/archived/articles/080516022417.pdf*.

4 دەستەی ئامار، وەزارتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رووپێوی خێرا بۆ باری گوزەرانی خێزان و چاودێری ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان -2018، .https://krso.gov.krd/archived/articles/090719020120.pdf .

5 دەستەی ئامار، وەزارتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دانیشتوان و هێزی کار، *https://rb.gy/7su7dz*.

6 ڕاپۆرتی سایتی خەندان، ئاماری بێکاری و هەژاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە، https://rb.gy/i7uiye .

لە لایەکیتر، گەندەڵی بە هۆکارێکی تری هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق کە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە لە ساڵی ٢٠٢٤ لە ڕیزبەندی 180 دەوڵەتدا لە پلەی 140ـەمین وڵاتدا بووە لە کاتێکدا لە ساڵی 2023 لە ڕیزبەندی ١٥٤مین دەوڵەت بووە، بەو پێیە بە ڕێژەی 3% بەرەوباشتر بوون چووە[1]. بەپێی داتا فەرمییەکان و بە پێوەری تێگەیشتنی گەندەڵی (Corruption Perceptions Index) بۆ ساڵی ٢٠٢٤دا، عێراق پلەی ٢٦ی وەرگرتووە، کە ئەمە دەریدەخات کە لە کاتی ئێستادا لە ڕیزی وڵاتانی زۆر گەندەڵی جیهاندایە کە بەپێی ئەو پێوەرە (0) ئاماژەیە بۆ بەرزترین ئاستی گەندەڵی و (100) کەمترین گەندەڵییە. ئەم پلەیە نزمە ئاماژە بە قووڵی و فراوانبوونی گەندەڵی لە دامەزراوە حکومیەکانی عێراقدا دەکات، کە هەرێمی کوردستان بەشێکە تێیدا. کاتێک سەیری مێژووی ئەم پێوەرە دەکەین، دەبینین کە عێراق لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام خراپ بووە لە بواری دژە گەندەڵی. لە ساڵی ٢٠٠٥ پلەی 2.2ی هەبوو، لە ٢٠١٠ ڕێژەکە 1.5 و لە ٢٠١٥ ڕێژەی 16 و لە ٢٠٢١ خۆی لە 21 بینیووەتەوە[2]، ئەگەرچی ڕێژەکان باشتر بوون بەڵام هێشتا وڵاتەکە بەدەست گەندەڵییەوە گیرۆدە بووە و گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بووەتە کێشەیەکی سەرەکی، بەجۆرێک کە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵک دروست کردووە.

گەندەڵی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و گوزەرانی خەڵک، بەو پێیەی گەندەڵی چەند جۆرێکی هەیە وەک سیاسی، یاسایی، ئابووری، دارایی، کۆمەڵایەتی و سەربازی و بە فراوانی بڵاودەبێتەوە بۆ ناو جومگە و دەسەڵات و دامەزراوەکان .[3]

گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا گەشەی کردووە بووتە هۆی بەهەدەرچوونی بودجەی گشتی، ئەوەش ڕێگری لە گەشەسەندنی ئابووری کردووە.بەهۆی بوونی گەندەڵییەوە، حکومەت نەیتوانیوە سەرچاوە داراییەکان بە شێوەیەکی کارا بەکاربهێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاستی کەمبوونەوەی لە بواری بەڕێوەبردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئابووری بەدیهێناوە. زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، کەمبوونەوەی دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ، ناتوانیی حکومەت لە دابینکردنی دەرفەتی شیاو بۆ گەنجان نیشانەی کاریگەری نەرێنی گەندەڵین لەسەر ئابووری هەرێمدا. هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانی ڕوونی بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە داراییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، دیاردەی پێشخستنی بەرژەوەندی کەسی و لایەنێك لە لایەنە سیاسییەکان لە بەرامبەر بەرژەوەندی گشتی، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کارایی نێوان دامەزراوەکان و ئاراستەکردنی ئەم بارودۆخە بۆ خراپتر.[4]
دیاردەی گەندەڵی ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ دروستبوونی قاچاخچێتی لەسەر سنوورەکان و هاوردەکردنی شتوومەك و خواردن کە وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی ئابووری هەرێم و بەهەدەردانی داهاتی سەرچاوەکان دەبینرێت. لەلایەکیتر، دابەشبوونی چینایەتی بەهۆی نادادپەروەری لە دابەشکردنی سەرچاوەکان لێکەوتەیەکی تری دیاردەی گەندەڵییە کە هەڕەشە لە بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەکات و لێکترازانی خەڵك و حکومەت دەهێنێتە ئاراوە. سەرەڕای ئەوەش،

[1] Transparency International. "Corruption Perceptions Index 2024." *Transparency.org*. Accessed June 24, 2025. https://www.transparency.org/en/cpi/2024.

[2] World Population Review. "Most Corrupt Countries." *World Population Review*. Accessed June 24, 2025. https://worldpopulationreview.com/country-rankings/most-corrupt-countries.

[3] - ئەرشەد تەها - هاوڕێ مەنسور بەگ، ئاسۆی ئایندەی پیشەسازی نەوت و پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی 34 کوردستان ، گۆڤاری شرۆڤە ،سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمیای پارتی ، ژمارە ٢٩ ، ٢٠١٩،ل. ل ٥١-٣٦ .

[4] گەیلان عەباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (پێناس و فۆرم و شێواز، لێکەوتە و چارەسەر)، ژووری توێژینەوەکان سیاسی، ئابووری، ستراتیژی بزوتنەوەی گۆڕان، تەمموزی ٢٠٢١، ل٥٦.

گەندەڵی بووەتە هۆی ئەوەی بەشێك لە پرۆژە و تەندەرەکان بە هەندێك لایەنی دیاریکراو بدرێت و سەرمایەداران ژینگەی تەندروستیان بۆ نەرەخسێت لە بوونیادنانی ئابووری هەرێم.[1]

بۆیە گەندەڵی بە هەڕەشەیەکی ترسناک دادەنرێت لە کۆی سیستەمی ژیانی ئابووری و دارایی و ئاسایشی وڵات، هەروەها لە لێکەوتە خراپەکانی گەندەڵی ئابووری، بە پێی زانیارییەکانی وەزارەتی دارایی، هەرێمی کوردستان ٢٧ ملیار دۆلار قەرزارە؛ لە لایەکی دیکە، ڕێژەی هەژاری و بێکاری بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، کە لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژەی تاوان و کوشتن و دزی هەروەها بەرزبونەوەی ڕێژەی بێمتمانەیی جەماوەر بە دەسەڵات و دابەزینی ڕێژەی ئینتمای نەتەوەیی بۆ خاک و گەل و نەتەوە ،لەگەڵ ئەوەشدا دابەزینی ئاستی پەروەردە و خوێندن و دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان .ئەمە سەرەڕای بلاوبونەوەی زیادبونی دیاردەکانی بەرتیل و مەحسوبیەت و مەنسوبییەت لە ناو دامو ودەزگاکا حکومییەکاندا.[2]

هۆکارەکانی ئەم خراپبوونە زۆرن و پێکەوە کاریان کردووە بۆ دروستکردنی ئەم دۆخە. لە یەکەم پلەدا، ناسەقامگیری سیاسی و شەڕ و پێکدادانە ناوخۆیەکان بووەتە هۆی لاوازکردنی دامەزراوەکان و کەمکردنەوەی چاودێری لەسەر کارەکانی حکومەت. هەروەها کەمی شەفافیەت لە بڕیاردان و دابەشکردنی سامانە گشتیەکان، لەگەڵ نەبوونی میکانیزمی بەهێزی بۆ بەرپرسیارێتی، بووەتە زەمینەیەکی گونجاو بۆ بەرژەوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی. ئەنجامەکانی ئەم ئاستە بەرزەی گەندەڵی کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هەیە. گەندەڵی ڕێگری لە گەشەپێدانی ئابووری دەکات، کوالیتی خزمەتگوزاری گشتی وەک تەندروستی و پەروەردە خراپ دەکات و متمانەی خەڵک بە دامەزراوە فەرمییەکان لەناو دەبات. هەروەها وا دەکات کە سەرمایەگوزاری بیانی کەم بێت و دەرفەتەکانی کار و کارکردن بۆ گەنجان سنووردار بن.

**تەوەرەی سێیەم: سیاسەتی ئابووری و دارایی بەغدا**

یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق پرسی داراییە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان پشتت بە بودجە و مووچەی هەنارده کراوی حکومەتی فیدراڵی دەبەستێت، زۆرجار سیاسەتی ئابووری و دارایی عێراق بووە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان تێکەڵ بە ململانێی سیاسی کراوە و وەکو فاکتەرێکی گوشار دژ بە هەرێم بەکارهێنراوە ،کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆی بوار و سێکتەرەکانی تری ئاسایشی هەرێمی کوردستان داناوە. هەڵبەت، لە پاش ساڵی ٢٠١٤وە، حکومەتی فیدراڵی بە پاساوی رادەستنەکردنی داهاتی فرۆشتنی نەوت و داهاتە فیدرالییەکان، پشکی بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیووە، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژیان و دۆخی ئابووری کارمەندانی هەرێمی کوردستان کردووە.[3]

بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و موچەی موچەخۆران، هەرێمی کوردستانی توشی قەیرانی دارایی کردووە، کە ئەمەش چەندان کێشە و قەیرانی دارایی بە دوای خۆیدا هێناوە وەک دواکەوتنی مووچەی و پێنەدانی سلفەی بەڵێندەران و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، وەستانی پێشینەکان و جێبەجێنەکردنی یاساکانی دەرچوو لە پەرلەمان وەک یاسای خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و یاسای ماف و ئیمتیازی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال یاخود زیادکردنی دەرماڵەی مامۆستایان، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو کێشانە بریتییە لەوەی کە ٨٥% داهاتی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی عێڕاقەوە دێت، حکومەتی عێڕاقیش لە ٢٠١٤ وە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی. هۆکاری لێکەوتە دیارەکانی بڕینی بەشە

[1] گەیلان عەباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (پێناس و فۆرم و شێواز، لێکەوتە و چارەسەر)، سەرچاوەی پێشوو، ل57.

[2] Hussein, Mohammed. "Iraqi Kurdistan's Clientelistic economy: linkage between political parties, market, and individuals in Iraqi Kurdistan KCCRC, (2020), last accessed,6/52025: https://www.kurdistanc.com/en/details.aspx?jimare=1093

[3] - صالح عمر عیسی و پەروێز رحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤-١٧٥.

بودجە لە لایەن عێراقەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان ئابورییەکەی تاک ڕەهەندە، گرنگی نەداوە بە کەرتە ئابوررییەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی کە بتوانێت داهاتی ناوخۆیی دابین بکات؛ واتە نەیتوانیوە بە جۆرێک ژێرخانە ئابورییەکەی پتەو بکات و بگاتە ئاستێک کە ئەگەر حکومەتی عێراق بەشە بودجەشی بڕی خۆی بتوانی بە بەرهەمی ناوخۆیی و داهاتی ناوخۆیی ئابوورییەکەی بەڕێوە بیات.[1]

کێشەی هەرە گەورەی پەیوەندییە داراییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سامان و داهاتەکان و پشکی بودجە. بۆ نموونە، بەپێی راپۆرتێك، کە کابینەی نۆیەم، لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٨ ئاراساتەی حکومەتی عێراقی کردووە، لە دوای بڕیاری ئابووری سەربەخۆوە، واتە لە ٢٠١٤ەوە تاکو ئێستا، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق بڕی (٧٥ ترلیۆن و ٥٤١ ملیار و ٨٤٣ ملیۆن) دینار بووە، بەڵام هەرێم لەو بڕە پارەیە تەنها( ١٣ترلیۆن و ٣٧٠ ملیار و ٥٣٣ ملیۆن دیناری وەرگرتووە، ئەمەش وایکردووە کە قەرزی کەڵەکەبووی سەر هەرێمی کوردستان ٢٨ ملیار و ٤٧٦ ملیۆن و ٦٧٥ هەزار و ٣٩ دۆلار بێت. لەلایەکی ترەوە، ئەم قەیرانە داراییە کاری لەسەر هەموو سێکتەرەکانی بازرگانی و پەرەپێدان کردووە و پرۆسەی گەشەسەندنی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی گرفت کردووەتەوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر نزمبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و پاشان نزمبوونەوە و قەیران لە بواری پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان دادەنێت. هەر بۆیە، قورسای قەیرانی دارایی و کاریگەری لەسەر کەرتە بازرگانییەکان دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری پەیوەیستە بەو قەیرانە داراییەی بە هۆی بڕینی مووچە و بودجەوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و دابەزینی نرخی  نەوتەوە هاتۆتە ئاراوە. لەلایەکی تریشەوە، دەردەکەوێت کە ئابووری تاک سەرچاوە و پشت بەستوو بە فرۆشتنی نەوت و بوودجەی حکومەتی فیدراڵی، بە هۆی پەتای کۆرۆناوە تووشی قەیران بوویەوە و بەم پێیەش نەخۆشییەکانیش دەتوانێت نا-ئاسایشی ئابووری بێنێتە ئاراوە.[2]

هەروەها، کاتێک عێراق قەرز وەردەگرێت لە بانکە دەرەکییەکان بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتیەکانی دارایی، لێرەدا مافی هەرێم دەفەوتێت و هیچ پشکێك لەم قەرزانە نادرێتە هەرێم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عەقڵیەتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام پرسی دارایی وەک کارتێکی گوشار لەژی هەرێم بەکاردەهێنن، هەروەها ئەوەی جێگەی بایەخە باس بکرێت ئەوەیە، حکومەتی هەرێم دەوڵەت نییە بەڵکو بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و ناتوانێت بەشێوەی سەربەخۆ سوود لەو قەرزە دەرەکیەکانە وەربگرێت.[3]

سیاسەتی عێراق لەدژی هەرێم کاریگەری نەرێنی لەسەر سێکتەرەکانی ئاسایش درووست دەکات، لەڕووی سیاسییەوە دەبێتە هۆی نەمانی ئینتیمای نیشتمانی و ناسەقامگیری سیاسی، لەڕووی کۆمەڵگەییشەوە دەبێتە هۆی زۆربوونی تاوان و لاوازبوونی بەها کۆمەڵایەتیەکان، لەڕووی پەروردەییشەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پرۆسەی خوێندنی خوێندنگاکان و زانکۆکان، لەڕووی ئابووریشەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی دیاردەی بێکاری و هەژاری، لەڕووی تەندروستیشەوە دەبێتە هۆی کەمی بودجەی کەرتی تەندرووستی، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر کەرتی ژینگەییش.

باسی سێیەم:ڕەهەندی ئاسایشی کۆمەڵگەیی

ئاسایشی کۆمەڵگەیی ئەو پرس و هەڕەشانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە پرسی ناسنامە (Identity) یاخود هاوسەنگی و ناهاوسەنگی نێوان ناسنامەکان، کە لەوانەیە لە هەر کۆمەڵگە و دەوڵەتێکدا بوونی هەبێت، دەوڵەتانی لاواز زۆرجار بە

[1] د.عزەت سابیر، دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان و پرۆسەی نەوت، ماڵپەریDraw، ڕۆژی بڵاوکردنەوە کردن٢٠٢٢/٤/٢٨، ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٥/٦: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10166

[2] صالح عمر عیسی-پەروێز رحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو،ل.١٧٦-١٧٧.

[3] دلشاد عبدالله، كردستان يطالب بغداد بحصته من القروض الدولية، موقع الشرق لاوسط، تاريخ النشر2016/5/30، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٥/٦: https://aawsat.com/home/article/65334

ئامرازی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی جیاوازییە کەلتووری و ناسنامەییەکان دەبنەوە، بۆ نموونە لە ئەفغانستان بەهۆی جیاوازییە کەلتووری، ئایدیۆلۆژیایی و ئەتنیکییەکان سنوورە ناسنامەییەکان یاخود سنوورە عەشیرەتییەکان Boundaries Tribal)) دەستنیشان دەکەن کە لەگەڵ سنوورەکانی دەوڵەت (کە لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواییە دانراوە و دەستنیشانکراوە) هاوتەریب نین[1]، ئەم پرس و گرفتانەش دەگوازریتەوە بۆ دەوڵەتی پاکستان کە هاوبەشی ناسنامەیی و ئەتنیکی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەفغانستان هەیە، لێرەوە دەردەکەویت کە "ئاسایشی کۆمەڵگەیی" پەیوەندی توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاسایشی سیاسی و تەنانەت ئاسایشی سەربازی دا هەیە. هەروەها لەلایەک زۆربەی پێکدادان و جەنگەکان ڕەگەزێکی ناسنامەیی یاخود کۆمەڵگەیی تێدایە و لەلایەکی تریشەوە ئاسایشی کۆمەڵگەی پەیوەندی بە کەلتوور و ناسنامەوە هەیە، کە دەتوانێت سەربکێشێت بۆ سیاسەتی جیاکاریDiscrimination )) وبێبەشبوونExclusion) )، هەر بۆیە بە بڕوای بۆزان، زۆربەی سنوورەکانی دەوڵەت و سنوورە کۆمەڵگەییەکان هاوتەریب نین و هەر ئەمەش گرنگی ئاسایشی کۆمەڵگەیی بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە کوردەکان. تەنانەت ئەگەر دەوڵەت و کۆمەڵگە هاوتەریب بن، بەڵام دوو بابەتی جیاوازن، چونکە دەوڵەت لەسەر بنەمای سنوور و خاکی جێگیر و ئەندامبوونی فەرمی راوەستاوە، بەڵام کۆمەڵگە زۆر ئاڵۆزتر و فرەڕەهەندترە و لەوانەیە ئەندامبوون و یەکانگیریی کۆمەڵگە لە ئاستی خوار یاخود سەروو سنوورەکانەوە بێت؛ بەپێی روانگەی بۆزان، کۆمەڵگە لەسەر بەردەوامی ناسنامەکەیان راوەستاوە، بۆیە چەمکی ئاسایشی ناسنامە Security Identity ))دێتە ئاراوە،بەڵام بۆزان ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسایشی کۆمەڵگەیی Security Societal )) هەمان ئاسایشی کۆمەڵایەتی) Security Social )نییە[2]، چونکە ئاسایشی کۆمەڵایەتی تایبەتە بە ئاسایشی تاکەکان و زیاتر ئابوورییە.

لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، گرنگترین هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی بریتین لە؛ ا- کۆچ: بەهۆی تەوژمی کۆچی لایەنێک، ژمارەی دانیشتوانیان بەرز دەبێتەوە و ژمارەی خانەخوێ یاخود لایەنی یەکەم کەم دەبێتەوە و چیتر کۆمەڵگە هەمان کۆمەڵگەی رابردوو نییە، چونکە دانیشتوان لە ئەوانەی تر کە بیانین، پێکدێت، بەوەش ناسنامەی ئەو کۆمەڵگەیە دەگۆردرێت، ب- رکابەرایەتی ئاسۆیی: هەرچەندە لەم حاڵەتەدا هاوڵاتیان لەناوچەی خۆیان دەژین، بەڵام بەهۆی کاریگەریی کلتوور و زمانی دراوسێیەکەیان، شێوازی ژیانی خۆیان دەگۆڕن، ج- رکابەرایەتی ستوونی: لێرەدا خەڵک بڕیار دەدەین کە چیتر ئەوەی رابردوو نەبن، هـ- پرسی چوارەم بریتییە لە دابەزینی رێژەی دانیشتوان، چی لە رێگەی نەخۆشییە کوشندەکان و پەتاکانەوە بێت وچی لە رێگەی قاتی و برسییەتی و جەنگ و کارەساتی سروشتی یاخود سیاسەتەکانی سرینەوە ) policies extermination of )) بێت، بە شێوەی گشتی لەلایەک لەوانەیە هەموو ئەو هەڕەشانە پێکەوە ئاوێتە بن و لەلایەکی ترەوە ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە مانەوە و بوونی کۆمەڵگە بخاتە مەترسییەوە بە پرسی ئاسایشی کۆمەڵگەیی دادەندرێت. هەروها بە بڕوای بۆزان، کۆمەڵگە لەرێگەی گواستنەوەی ئەم پرسانە بۆ بوار و ڕەهەندی ئاسایشی سیاسی و ئاسایشی سەربازی هەوڵی بەرەنگاری مەترسییەکان و چارەسەرکردنیان دەدات. بۆیە ئەو ناسنامانەی کە رووبەرووی مەترسی بوونەتەوە هەوڵدەدەن سێ ئەجێندا لە بواری (ئاسایشی کۆمەڵگەیی) بۆ مانەوەیان بگرنەبەر: -١ کۆنترۆڵی دەوڵەت ٢-دروستکردنی دەوڵەت ٣-بەتەنیا مانەوە.[3]

**تەوەرەی یەکەم:ناسنامەی نەتەوەیی**

لە ڕاستیدا چەمکی ناسنامە گوزارشتە لە کۆمەڵە دیاردەیەک کەوا دەکات تاکەکان لەم ڕێگەیەوە وێنایەک بۆ خودی خۆیان دروست بکەن، لەهەمان کاتدا بەردەوامی و مانەوە دەبەخشێت بە کۆمەڵگەی مرۆیی لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا. بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستی بە چەندین هەنگاو و کردار و گوتار هەیە وەک ئامادەسازییەک بۆ پێدانی واتا و دروستکردنی ناسنامەیەکی دیاریکراو، هەر ئەمەش وا دەکات ئەو ناسنامەی کە بنیاتنراوە هەم لە ئاستی تاک و هەم لە ئاستی کۆمەڵدا

[1] صالح عمر عیسی و پەروێز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست،بەرگی ٦، ژمارە٣، ٢٠٢١،ل.٣٠

[2] هەمان سەرچاوە، ل٣١.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٣١.

واتا و بایەخ پەیدا بکات. واتە: ناسنامەی نەتەوەیی لە ئاستێکی باڵا و فراواندا سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا بەرامبەر بە ئەو ناسنامەیە هەستی بەرپرسیارێتی یەکبوونیان لەلا دروست ببێت بەرامبەر تەواوی ئەو بەها و سیمبوڵ و نۆرمە هاوبەشانەی کە بەشدارن لە پێکهێنانی ئەم ناسنامەیەدا، لە نمونەی ئە بەهایانەش وەک مێژوی هاوبەش، زمانی هاوبەش، کلتوری هاوبەش، ئاین، هتد. بێگومان بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەم سمبوڵ و نۆرمانە وادەکات ناسنامەی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیاواز بێت[1]. بەڵام ئەوەی لێرەدا زیاتر جەختی لەسەر دەکەینەوە بریتییە لە بابەتی ناسنامە لە چوارچێوەی ئاسایشی کۆمەڵگەییدا، ئەم ڕەهەندە زیاتر قوتابخانەی کۆپنهاگن بایەخی پێداوە و خستویەتییە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەریەکە لە ناسنامە، ئاسایش، کلتوری کۆمەڵگە پێکەوە گرێدەدات، کە پێشتر ئەم بابەتانە تەنها جێگەی بایەخی دەوڵەت بوون. ئەم جۆرە ئاسایشە پەیوەندی بەو بارودۆخانەوە هەیە کە کۆمەڵگایەک هەست بە مەترسی دەکات بۆ سەر ناسنامەکەی. لە ئەنجامدا دۆخی ئاسایشی کۆمەڵگا لەگەڵ بوونی کاریگەرییەکی دەرەکی یان ناوخۆیی لەسەر ناسنامەی کۆمەڵگا یەکدەگرێتەوە. کەواتە هەر شێوازێک لە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ناسنامە ئەوەیە دەبێت بە مەترسی و گەشەسەندنی ئاسایی ناوخۆیی کۆمەڵگە دەگۆڕێت یان ڕێگری لێدەکات. دۆخی ناسەقامگیری کۆمەڵگا لەهەر فۆرمێکدا بێت حاڵەتێکی هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆمەڵگادا. هەر بۆیە قوتابخانەی کۆپنهاگن پشتڕاستی دەکاتەوە، کەوا چەمکی ئاسایش یەکسانە بە چەمکی ناسنامە، بە دەربڕینێکی تر، ئاسایش بریتییە لە ناسنامە .[2]

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی ئاماژەی پێکرا لەبارەی ناسنامەی نەتەوەیی، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ناسنامەی نەتەوەیی کورد بە کولتوورێکی هاوبەش، زمان، خاک، کۆمەڵێک هێما، یادەوەری و ئەزموون و خواستە سیاسییەکانی داهاتوو پێناسە دەکرێت. بەڵام زۆربەی ئەم پێکهاتانەی ناسامەی نەتەوەیی کورد بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیشدا بە قووڵی پارچە پارچە بوون، بەهۆی هەردوو هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکییەوە. پێکهاتە پارچەپارچەکراوەکانی ناسنامەی کورد لەگەڵ چەوساندنەوەی دەرەکیی ئەو چوار دەوڵەتەی کوردی بەسەر دابەشکراوە (واتە تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا)، ڕێگریان لە تاکی کورد کردووە کە نەتوانن ڕزگاری نەتەوەیی بەدەست بهێنن، هەتا لە شێوەی کوردستانێکی سەربەخۆدا وەک هەرێمی کوردستان. بێگومان ئەم گۆڕانکاری و ئالنگارییانە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد بەشێوەیەکی گشتی و لە هەرێمی کوردستانیشدا بەتایبەتی گرفتی سەرەکییە لەبەردەم دروستکردن و گەشەسەندنی ئەو شێوازە لە ئاسایشی کۆمەڵگەیی دروستەی کە قوتابخانەی کۆپنهاگن لە ماکی ناسنامەدا وێنای بۆ کردووە.[3]

**تەوەرەی دووەم:کلتور وفرە –پێکهاتەیی لەهەرێمی کوردستان**

پیکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بەشێکی گرنگ و پیکهاتەیەی لە مێژینەی کوردستانن کە بۆ هەزاران ساڵە لە ژیارە جیاوازەکانی ئەم ناوچەیەدا ژیاون ،بەها و کلتور و بنەما ئاینی و شوینگەی جوگرافییان لە هەرێمی کوردستاندا پاریزراوە دوای دروستکردنی هە رێمێکی ئارام لە باکووری عیراق لە 1992 یە کەم هەڵبژاردن ئە نجامدرا کە بووە بنەمایەك بۆ بنیادنانی دەزگا و دامەزراوە حوکمرانییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وای کرد کۆمەڵێک یاسا و بڕیاری گرنگ لەبارەی خودی پێکهاتەکان و کلتوری فرەیی و ناسنامە و شێوازی لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە

---

[1] هەورامان فەریق، چەمکناسی: نەتەوە، ناسمامەی ئێتنیکی، ناسنامەی نەتەوەیی، وەرزنامەی ئێرانناسی، ژمارە (٢) کانونی دووەم، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل ١٥٧.

[2] Barry Buzan, Ole Waever, Jaap De Wilde, Security, a new framework for analysis, Boulder, Lynne Rienner, 1998, pp. 120.

[3] حوسێن محمەدزادە، هەنگاوێک بۆ یەکانگیری ناسنامەی کوردی، گۆڤاری کۆمار، ٢٠٢٥، لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە: https://shorturl.at/gwsuB ڕێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٥/٦/٢١

دەربکرێت، پاشان بەرکاربنن. ژینگەی کۆمەڵایەتی-سیاسی کوردستان پیشانی دەدات کە لە ئێستای کۆمەڵگای کوردستاندا، ناسنامەی سیاسی تاکی کورد زیاتر لە ژێر کاریگەریی ئەم بابەتانەیە: نەتەوە (کوردبوون)، (ناسنامەی نیشتمانی -ئێرانی، عێراقی، تورکیایی و سوریایی و ئەرمەنستانی بوون) و (حکومەت و رێکخراوە پێوەندیدارەکانی، ئایین و ئایدیالۆژی ئایینی، چینی کۆمەڵایەتی ئابووریی و ئایدیالۆژی چەپ، جێندەر، حیزب و رێکخراوە سیاسییە جیاوازەکان و راگەیەندنەکان)، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئایین لە پەنای فاکتەرەکانی تردا، رۆڵ و کاریگەری بەرچاوی لە پێکهاتنی ناسنامەی سیاسی تاکی کۆمەڵگادا هەیە ).[1]

ئەوەی کە هەستیاری ئەم پرسە( پرسی ناسنامە) بۆ پرسێکی ئاسایشی بەرز دەکاتەوە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەرووی ناسنامە و پێکهاتەییەوە فرە ئایین و نەتەوەیە، ئەمەش بەپێی یاسا و لەرووی کردارییەوە چەسپاوە، بۆ نموونە، بەپێی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ کە بە یاسای مافی پێکهاتەکان دەناسرێت، هەشت ئایینی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا دانیان پێدانراوە، تەنانەت هەر کەسێك ئازادە کە پەیرەوی لە چی ئایین و ئایینزایەك دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەرێوەبەرایەتی پێکهاتە ئایینییەکان لە ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە و راستەوخۆ سەر بە نووسینگەی وەزیری ئەوقافە و تێیدا سەرجەم ئایینەکان نوێنەریان هەیە، ئەوانەش بریتین لە ئیسلام، کریستیان، جوو، بەهایی، زەردەشتی، ئێزیدی، کاکەیی/یارسانی، سابیئەی مەندایی. بۆ ریزگرتنی زیاتر و پاراستن و دەستەبەرکردنی زیاتری مافەکانیان چەمکی"کەمینە" بۆ ئەو ئایینانە بەکار ناهێندرێت، بەڵ:و چەمکی" پێکهاتە" وەکو رەگەزی پێکهێنەری سەرەکی کوردستان بەکاردێت، هەروەها لە ستراتیژیی و ئەو نەخشەی رێگەیانەی وەزرارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە بواری پیکەوە ژیانی ئایینی گرنگی بە پاراستنی شوێنە پیرۆزە ئایینییەکانیش دەدات. بۆ نموونە، لە هەرێمی کوردستاندا ٥٥٢٦ مزگەوت و شوێنی پیرۆزی ئیسلامی هەیە، هەروەها ١٢٢ کەنیسە و ٣٢ مەزارگەی کریستیانی بوونی هەیە. هەروەها سەبارەت بە مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکانی ئێزدییەکان(نیشان) تاکو ساڵی ٢٠١٦ زیاتر لە ١٩٣ مەزارگەی پارێزراوی ئێزیدی و ١١٩ شوێنی پیرۆز(نیشان) پارێزراوە، ئەمە بێجگە لە بوونی پەرستگای زەردەشتی و سەدان شوێنی پارێزراوی پیرۆزی ئایینەکانی دیکە؛ تەنانەت لە کوردستان شوێنی پیرۆزی ئایینی هەیە(مەزاری رەبان بویا) لە نزیك شارۆچکەی شەقڵاوە، کە هەم لەلایەن کریستیانەکانەوە بەپیرۆز دادەنرێت و سەردانی دەکەن و هەم لە لایەن موسوڵمانەکانەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشوازی لە ئاوارە کریستانەکان دەکرێت و لە ماوەی ڕابردوودا نزیکەی ١٣٥٠٠٠ ئاوارەی کریستیان ڕوویان لە کوردستان کردووە و تەنانەت دوای هێرش و پەلاماری داعش بۆ سەر ئێزدییەکان لە شنگاڵ و دەوروبەری، هەزاران ئاوارەی ئێزیدی لە سەرەتادا لە مزگەوتەکان پێشوازیان لێکرا و بۆ چەندین هەفتە وتاری ئایینی نەدرا.[2]

هەموو ناسنامە خوارنەتەوەییەکان وەکو ناسنامە ناوچەیی، خێلەکی و عەشایەری و حزبی و...، هەروەها ناسنامە سەروونەتەوەییەکانی وەك ناسنامە ئایدیۆلۆژیایی و مەزهەبی و ئایینی و... ، کە ببێتە هۆکاری لێکترازان و گرنگیدان بەو ناسنامانە لەبری ناسنامەی نەتەوەیی، هەروەها ببێتە هۆکارێک بۆ لاوازبوونی ئینتیما و وەفاداری تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناسنامەی نەتەوەیی، ئەوا ئەو دۆخە لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە هەڕەشەیەکی ئاسایشی. لێرەدا هەر بەها و ئایدیۆلۆژیا و ئەکتەرێک کە هەڕەشە لە بنەما و پێکهێنەرە سەرەکییە ناسنامەییەکانی هەرێمی کوردستان بکات وەکوو؛ زمان، ئەتنیک، سنووری جوگرافیایی و تەنانەت سەروەریی سیاسی، ئەوە دەتوانێت لەرووی ناسنامەییەوە مەترسییەکی ئاسایشی بێت بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان. تەنانەت تێکچوونی باری دیمۆگرافی و هاوسەنگی دانیشتوان لەرێگەی کۆچ و پەنابەر و ئاوارەکانیش لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. لەلایەکی تریشەوە، "تاکگەرایی" تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و دیموکراسییە، بەڵام بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و

[1] فرهاد حسن عبدالله، بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی: کۆسپەکانی بەردەمی و سیناریۆکانی ئایندە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول ٦، ژمارە ٢، ٢٠١٩، ل ١٢٣.

[2] - حوسامەددین عەلی مەجید و پەرویز ڕەحیم قادر، نشتیمانسازی: خەرمانی دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق(1992-2018) ، هەولێر: سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، چاپخانەی رۆژهەڵات،٢٠١٨.

کەلتووریی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و کوردستان، زیاتر دابەشبوونی جوگرافی و ئەتنیکی و ئایینی و مەزهەبی و عەشیرەیی زاڵە، بۆیە ئەمە بەربەستی سەرەکییە بۆ بەشداریی گەنجان وەکوو "تاك" لە بوار و کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان.[1]

ناسنامەی هاوبەشی نیشتمانی دەتوانێت یەکانگیری نەتەوەیی دروستبکات، تەنانەت ڕەوایەتی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی پەیوەستە بە هاوتەریبوونی ناسنامە و سیستەمە سیاسییەکە. بەم پێیە بەپێی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی( Theory Identity Social)، ئەو وردە ناسنامانە لە ئاستی کوردستان چی شارچییەتی بێت یاخود ناوچەگەرایی و خێڵگەرایی یاخود جیاکاری لەهەمبەر ئەتنیک و مەزهەب و ئایینەکان بکەن، ئەوە قەیرانی ناسنامە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناسنامەی بەرگریکارانە و پێکهاتنی ناسنامەی گروپ و ناوچە و کۆمەڵی جیاواز و پێکدادان لەنێوان ناسنامەکان ڕوودەدات، بەم پێیە ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە کوردستان ڕەوایەتی لاواز دەبێت و دەکەوێتە مەترسییەوە و لەکۆتاییدا دەتوانێت کێشە بۆ ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان دروست بکات.[2]

تەوەرەی سێیەم:پرسی ئاوارە و پەنابەران

لە هەرێمی کوردستان دا نزیکەی (٩٢٦)هەزار ئاوارە و پەنابەر هەیە، بەشێکی هەرە زۆری ئاوارەکان کوردی ئێزیدین کەلە (٣٠%) کەمپەکان پێکدێنن، بەشێکی تریشیان لەناو شارەکانی هەرێمی کوردستان دا دەژین، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکان خەڵکی سوریا یان ناوچەکانی باشووری عێراقن، لێرەدا بەهۆی شەپۆڵی ئاوارە و پەنابەر، ترسی گۆڕین دیمۆگرافیا و تێکچوونی خزمەتگوزاری گشتی، ئاستەنگی بۆ هەرێمی کوردستان درووستکردووە.[3]

لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، هاتنی لەناکاو و بێبەرنامە و بەلێشاوی پەنابەر کە ببێتە هۆی دروستبوونی گوشار لەسەر وڵاتێک و لێکەوتەی نەرێنی ئابووری و کۆمەڵایەتی جێبهێڵێت، تەنانەت بەهۆی تێکدانی هاوسەنگی ڕێژەی دانیشتوانەوە مەترسی ناسنامەیی هەبێت، ئەوە هەڕەشەیەکی هەرە جدیيە بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیەک. ڕووداوەکانی جەنگی دژی داعش و هاتنی ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوەیەدا وەکوو پرسێکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێتەوە، هەبوونی ئاوارە و پەنابەر هەم لەرووی ئاسایشی ئابوورییەوە و هەمیش لەرووی ئاسایشی کۆمەڵگەییەوە بەهۆی ناهاوسەنگی لەگەڵ توانا و ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان مەترسییەکی ئاسایشییە. جگە لەمانەش تێکچوونی ئاسایشی سەربازی لە عێراق و ناوچەکە وایکردووە کە ئەم پەنابەر و ئاوارانە نەگەرێنەوە بۆسەر زێدی خۆیان و تەنانەت پاش گەڕانەوەیان دووبارە گەراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. بۆیە لێرەدا پرسە ئاسایشی سەربازییەکان و پرسە ئاسایشی سیاسییەکان کارلێکیان پێکەوە هەیە و پاشان کاریگەری نەرێنیان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و تەنانەت ئابووری و ژینگەیی هەرێمی کوردستان هەبووە. بەم پێیە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن سەبارەت بە کاریگەری هاتنی بەلێشاوی پەنابەر و ئاوارە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت، کە ئەویش بەهۆی نا- ئاسایشی سەربازی و نا-ئاسایشی ئابوورییەوە سەریهەڵداوە. کەواتە، هەموو ڕەهەند و بوار و سێکتەرەکانی ئاسایشی کارلێک دەکەن. بەردەوامی ئەم ڕەوشەش لە داهاتوودا ئەگەری پێکدادانی ناسنامەیی- کۆمەڵایەتی و قەیرانی ئابووری و تەنانەت سیاسی و ئەمنی بۆ هەرێمی کوردستان لێدەکەوێتەوە.[4]

---

[1] - صالح عمر عیسی-پەروێز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧،سەرچاوەی پیشوو،ل٣٥.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

[3] - کارزان أحمد عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠-١٦١.

[4] هەمان سەرچاوە،ل.ل٤٤-٤٥.

**باسی چوارەم:ڕەهەندی ئاسایشی سەربازی**

**بۆزان پێیوایە کە ئەو مەترسییەی کە بە ئاشکرا دەتوانێت چەندین هەڕەشە لە ئاستی جۆراوجۆر بۆ دەوڵەت دروست بکات و ببێتە هۆکاری دروستبوونی گوشار، نیگەرانی و دڵەراوکێی ئاسایشی بریتییە لە مەترسییە سەربازییەکان کە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی دەوڵەت دادەنێت و وا دەکات کە کار بگەری نەرێنی لەسەر ئەرکەکان دەوڵەت هەبێت کە گرنگترینیان بریتییە لە پاراستنی هاوڵاتیانی خۆی؛ هەروەها کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر ئاستی بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵایەتیش دادەنێت.[1]**

**ئاست و ئامانجەکانی هەڕەشە سەربازییەکان گرنگی تایبەتیان هەیە، چونکە لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوەن، هەر بۆیە لە چوارچێوەی ئاسایشدا پۆلین دەکرێن. بۆزان پێیوایە کە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت بەرێوەبردن و پاراستنی ئاشتی و یەکپارچەیی وڵات و جێبەجێکردنی یاسا و پارێزگاری لە سەروەری و مانەوەی دەوڵەت لەهەمبەر رێکخراوە تاوانکارییەکان، گروپی تیرۆریستی و جیاخوازە چەکدارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە، ئەمەش بنەمای ئاسایشی سەربازییە. هەروەها ئەجێندای ئاسایشی سەربازی پێداگری لەسەر رۆڵی دەوڵەت دەکاتەوە وەک سەرچاوەی ئاسایشی، بەڵام ریزپەری ئەم بارودۆخە کاتێکە کە لەوانەیە خودی دەوڵەت شکست بهێنێت لە دابینکردنی ئاسایش یان ئەوەی کە نەتوانێت رەوایەتی خۆی جێگیر بکا. بۆزان پێیوایە کە سەرچاوەی ئاسایش لە بواری سەربازی دەوڵەتە و فاکتەری تری وەک جوگرافی، مێژوویی و سیاسی کاریگەری لەسەر ئاسایشی سەربازی هەیە، بەم مانایەی کە بۆ نموونە کاتێک دەسەڵاتی سیاسی نەمێنێت کاریگەری لەسەر ئاسایشی سەربازی دادەنێت.[2]**

**تەوەرەی یەکەم:هێزەکانی پێشمەرگە**

**یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی بواری ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای درووستبوونی دامەزراوەکانی تاکو ئێستا ئەوەیە کە هێزە چەکدارەکان لە ژێر کۆنترۆڵی پارت و بەپرسە باڵاکاندایە نەک حکومەت و دامەزراوەی فەرمی کە دیارترینیان هێزەکانی پێشمەرگەیە ( هێزی یەکەی حەفتا و هەشتایە). ئەم هێزانە یەکنەخراون نەبوونەتە هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی؛ لەلایەکی تریشەوە، لە ڕووی پراکتیکییەوە بەرپرسە فەرمییەکان توانای جوڵاندنی هێزیان نییە و تەنانەت ناتوانن سزا ولێپێچینەوە و جێگۆرکێ بەهێزەکان بکەن، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ پاشماوەی دوو ئیدارەیی کە وایکردووە هێزێکی سەربەخۆ و دامەزراوەیی درووست نەبێت. گرفتێکی تری سەربازی هەرێمی کوردستان، نەبوونی توانایی یاسایی و داراییە بۆ کرینی چەکی پێویست، کە لە ڕووی یاساییەوە دەبێت حکومەتی ناوەندی عێراق پەسەندی بکات و لەڕووی داراییشەوە هەرێم ئەو توانایەی نییە چەکی پێشکەوتوو بکرێت، بەڵکو ئەو چەکە پێشکەوتووانەی هەیەتی هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانانە.[3]**

**تەوەرەی دووەم:مەترسی دەوڵەتانی هەرێمی**

**هەرێمی کوردستان بەهۆی پێگە جوگرافیەکەی کەوتووەتە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سنوورەکانی بە بەچوار دەوڵەتەوە دەورە دراوە، بەردەوام بووەتە جێگەی ململانێی وڵاتانی هەرێمی، دیارترینیشیان (تورکیا و ئێران) بووە،**

---

[1] **Barry Buzan, People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, ECPR Press; 2nd edition,2007.P.117.**

[2] **Barry Buzan, Ole Waver, Jaap de Wilde , Security: A New Framework for Analysis. Boulder and London: Lynne Rienner Publishers,1998, P.P49-51.**

[3] **بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق،گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی، بەرگ٣، ژمارە٦، ٢٠٢٠،ل.ل١٠٢-١٠٣.**

هەربۆیە لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، مەترسیە سەربازییە دەرەکییەکان یەکێک لە گرنگترین و مەترسیدارترین هەڕەشە ئاسایشییەکانن بۆ سەر ئاسایشی سەربازی و بەم پێیە مانەوە و بەردەوامیی هەر وڵاتێک، هەرێمی کوردستانیش لە ئاستی دەرەکی جگە لە هەڕەشەی سەربازی داعش، لەلایەن ئێران و تورکیاوە سنووری دەبەزێندرێت و لەرێگەی سەربازییەوە مەترسی بۆ دروستدەکرێت، ئەمەش هەم لەرووی ئاسایشی سەربازی و هەمیش ئاسایشی سیاسی و تەنانەت ئابووری و ژینگەیی و کۆمەڵگەییەوە مەترسییەکی جدییە. بۆ نموونە؛ بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان، سوپای تورکیا بەقووڵایی 20 تاوەکو 40 کیلۆمەتر و سوپای ئێرانیش بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر خاکی هەرێمی کوردستانیان بەزاندووە و بارەگای سەربازییان دروستکردووە. ئەم دوو وڵاتە بەردەوام ئۆپەراسیۆن و هێرشی سەربازیان لەناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە.[1]

بەم پێیە ئۆپراسیۆنە بەردەوامەکانی ئێران و تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و مەترسیە سەربازییەکانیان، دەتوانێت کاریگەری لە سەر هەموو بوار و رەهەند وسێکتەرەکانی تری ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەبێت. ئەم مەترسیانە وایانکردووە دانیشتووانی سیڤیلی سنوورەکان بکەونەبەر مەترسی بۆردومانەکان و گیانیان لەدەست بدەن، تەنانەت بەپێی ئەو باوردۆخەی کە بەهۆی هێرشەکانی تورکیا و ئێران دروستبووە، جگە لەوەی کە گوندەکان وەکوو سەرچاوەی دابینکردنی ژیان بۆ دانیشتوانیان رۆڵیان هەیە، لەرووی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و گەشتوگوزار و رەخساندنی هەلی کار و تەنانەت ژینگەییشەوە زیان بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە، بۆیە هەموو سێکتەرەکانی تری ئاسایش بەهۆی لاوازی هەرێمی کوردستان زیانمەند بوونە و کرۆکی ئەو زیانانەش گیانی هاوڵاتیان هەرێمی کوردستانە. هەرێمی کوردستان ناتوانێت لەرووی سەربازی بەرەنگاری هێزەکانی ئێران و تورکیا ببێتەوە؛ هەر بۆیە، لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە مەترسی ئاسایشی لە بواری سەربازی گەیشتۆتە لوتکە، چونکە دەوڵەت دەبێت بتوانێت بەرەنگاری هەڕەشە سەربازییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ببێتەوە و تەنانەت ئەمە بە ئەرکی بنچینەیی دەوڵەت دەزانێت.

**تەوەرەی سێیەم:پرسی تیرۆر**

هێرشەکانی داعش لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ەوە بۆ سەر مووسڵ و ناوچە سوننەکانی تری عێراق و پێشڕەوییە چاوەڕواننەکراوەکانی ئەم رێکخراوە لە ماوەیەکی کەمی ١٥ رۆژدا (١٥-١ی ئاب ی ٢٠١٤) بەرەو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و نزیکبوونەوەیان لە هەرێمی کوردستان بە دووری تەنها ٤٠ کیلۆمەتر لە رێکەوتی (٢٠١٤/٨/٦)،گۆڕانکاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و وەکو گەورەترین هەرەشەی ئاسایشی بۆسەر هەرێمی کوردستان دەرکەوت [2]. لەهەمان کاتدا داعش هەر لە سەرەتای پەلامارەکانیان بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە، جگە لە رووی چەکداریی و شەڕکردن لە گەڵ پێشمەرگەدا، بە مەبەستی رەوایەتیدان بە شەهیدکردنی پێشمەرگە لە چوارچێوەی چەمکی تەکفیر و سەربڕینیان چەندین بەڵگەی شەرعییان هێناوەتەوە، کە هەڵقوڵاوی روانگەیەکی مەترسیداری خوێندنەوەی ئایینییە .[3]
تاوەکوو ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەندین گروپی تیرۆرستی و شانەی نووستووی تیرۆر دەستگیرکراون و پلانی تیرۆرستی پوچەڵکراونەتەوە. ئەم هەڕەشە ئاسایشییە بە ئاستێک مەترسیدار بوو کە لە شەڕی داعشدا ١٧٥٥ پێشمەرگە

---

[1] زوبێر رەسول أحمد، تورکیا وهەرێمی کوردستان: ئابووری یان ئاسایش، تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەرێت،گۆڤاری توێژەر،زانکۆی سۆران،بەرگی ٣، ژمارە٢، ٢٠٢٠، ل.٢٢٩-٢٣٠.، بڕوانە: ئالان حەمە سەعید، ئێران و تورکیا؛ سیاسەتکردن لە ژینگەیەکی هەرێمایەتیی جەمسەرگیردا، ماڵپەری پێنووس، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٧/١/١٤، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٤: https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/907-2018-09-02-18-56-38

[2] مارینا کارۆنتیکا، لە بەرهەڵستییەوە بۆ دامەزراوەیی سەربازی: کەیسی پێشمەرگە بەرامبەر رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، وەرگێرانی: فەرهاد حەسەن عبدوڵا، سلێمانی: ناوەندی توێژینەوە ململانێ و قەیرانەکان،٢٠١٨، ل ١٣٢.

[3] صالح عمر عیسی- پەرویز رحیم قادر، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست،بەرگی ٦، ژمارە٢، ٢٠٢١،ل.٣٥٣-٣٥٤.

شەهید بوون و ١٠ هەزار پێشمەرگەی دیکەش بریندار و کەمئەندام بوون. سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان بەسەر تیرۆردا لەلایەک بە هۆی خۆراگری کۆمەڵگای کوردستان و لەلایەکی تریشەوە لە رێگای هەماهەنگی و هاوکاری بە هێز لە نێوان هاوڵاتیان و دامەزراوەکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ دەستەبەر کراوە، هەرچەندە بۆ رێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی تیرۆر سیاسەت و بەرنامەی ئەرێنی حکومەت بۆ بەرەوپێشبردنی دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئاشتیانە گرنگییەکی ژیانی هەیە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە بیروبڕوای زۆرینەی تاک و پێکهاتە کوردستانیان لەگەڵ تێروانین و بەرنامەی توندڕەوی و تیرۆستان یەك ناگرێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەو خاڵە بەهێزانە، چەک و تەکنیکی نوێ تیرۆریستان، تاوەکوو ئێستاش مەترسییە بۆسەر ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان. فەرماندە سەربازییەکانی پێشمەرگە لە جەنگی دژی داعش ئاماژە بەوە دەدەن، رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بێجگە لە بەکارهێنانی چەک و تەکنەلۆژیای نوێ[1]، چەندین شێواز و تاکتیکی نوێی سەربازییان بەکارهێناوە، تەنانەت لە ماوەی دوایی، پاشماوەی چەکدارانی داعش چەندان هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق. داعش و گروپە تیرۆریستییەکان، پرسێکی ژیانی و مانەوەییە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە تاوەکوو ئێستا هەڕەشەی جدین بۆ سەر ئاسایشی هەرێم، ئەمەش نەک تەنها لەرووی سەربازییەوە، بەڵکوو ئەزموونی رابردوو نیشانیدا کە پرسی تیرۆر(ئاسایشی سەربازی)کاریگەری لەسەر بوار و رەهەندەکانی تری ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ئاسایشی ئابووری و ئاسایشی سیاسی و تەنانەت ژینگەیی هەرێمی کوردستان هەبووە.[2]

**تەوەرەی چوارەم: میلیشیا چەکدارەکان**

لە روانگەی باری بۆزان، گروپی میلیشیایی و چەکداری مەترسییەکی راستەقینەیە بۆ سەر ئاسایشی سەربازی - سیاسی و تەنانەت سەقامگیری و مانەوەی هەر دەوڵەتێك.، بەم پێیە، رووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق نیشانی داوە کە حەشدی شەعبی ئەو گروپە چەکدارەیە کە دەتوانێت بۆ هەرێمی کوردستان مەترسییەکی جدی ئاسایشی دروستبکات، حەشدی شەعبی لە رێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٥ بە فەتوای مەرجەعی گەورەی شیعەکان "ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی" بۆ دژایەتیکردنی داعش دامەزرا، حەشدی شەعبی لە ڕووی ناونیشان و ئاڵاکانیانەوە، ئەوەی پەیوەستە بە پێکهاتەی شیعەوە لە عێراقدا لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە تاکو ساڵی ٢٠١٨ پێکهاتبوون لە ٦٧ گروپی شیعی، ٤٣ ی سونی، و ٩ گروپیان سەربە کەمینەکانی ناوچەکانی خوارووی هەرێمی کوردستان بوون. ٦٧ گروپە شیعییەکەیان ئەتوانین لە ڕووی دیدی ئایینی و مەزهەبییەوە بەم جۆرە دابەشیان بکەین؛ ٤٤ گروپیان سەربە عەلی خامنەیین، ١٧ گروپییان سەربە سیستانی و ٦ گروپەکەی تر سەربە مەرجەعە شیعییەکانی ترن لەناوەوە و دەرەوی عێراق، کۆی گشتی ژمارەی مرۆیی هێزەکانی حەشدی شەعبی ١٦٤ هەزار چەکدارن، کە یاسای ژمارە ٤٠ ی ساڵی ٢٠١٦ دەیانگرێتەوە و لە ڕووی پەیکەری ڕێکخراوەییەوە پشت بە فەرمانە دیوانییەکانی ٢٣٧و٣٢٨ و ٣٣١ی ساڵی ٢٠١٩ دەبەستن کە بۆیان دەرچووە.[3] ژمارەی ئەو حەشدانەی کە دڵسۆزن بۆ ئێران نزیکەی ٧٠ هەزارە، و ئەوانەیان سەربە مەرجەعەکانی ترن بە هێزەکانی سەرایا سەلامی ڕەوتی سەدریشەوە نزیکەی ٤٠ هەزار دەبن. بەپێی فەرمانە دیوانییەکانی ساڵی ٢٠١٩ پەیکەری حەشد بەشێوەی لیوا ڕێکخراوە و ژمارەیان ٦٤ لیوایە و دابەشکراون بەسەر ٨ میحوەری فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی حەشدی شەعبیدا، کە هەڵکردنی ناو و ئاڵای تایبەتی گروپەکانیان لێ قەدەغەکراوە جگە لە بەکارهێنانی ژمارەی لیواکان و ئاڵا فەرمییەکانی حەشدی شەعبی. فەرمانی دیوانی ژمارە ٢٣٧ ی ساڵی ٢٠١٩ ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی حەشدی شەعبی پەیوەندی بەهیچ حیزب و قەوارەیەکی سیاسی و ئایینیەوە نەمێنێت؛ هەروەها فەرمانی دیوانی

---

[1] مارینا کارۆنتیکا ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٦ -١٧.

[3] - صالح عمر عیسی- پەرویز رحیم قادر، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، سەرچاوەی پیشوو،ل٣٦٠.

ژمارە ٣٢٨ ی ساڵی ٢٠١٩ وا دەكات حەشدی شەعبی لەنێو سەركردایەتی هاوبەشی هێزە چەكدارەكانی عێراقدا نوێنەرایەتی هەماهەنگی هەبێت.[1]

لە ڕووداوەكانی پاش ڕیفراندۆم و بەتایبەتی ١٦ی ئۆ كتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، حەشدی شەعبی بە یارمەتی و هاندانی ئێران، ڕۆڵی سەرەكی لە هێرش و دەستبەسەرگرتنەوەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان هەبوو. دواتر، چەندین ڕووداو و پێشهاتی سیاسی لە عێراق و ناوچەكە وایكرد، كە عادل عەبدولمەهدی لە ٢٠١٩/٧/١ بەپێی فەرمانی دیوانی ژمارە (٢٣٧) لە (١٠) ماددەدا بڕیاری ڕێكخستنەوە یاخود تێكەڵبوونیان بە هێزە چەكدارەكانی عێراق بدات. ئەوەی جێگەی مەترسییە، بودجەی حەشدی شەعبی لە ساڵی ٢٠٢١ بە تەنیا زیاترە لە بودجەی هەموو وەزارەتەكانی داد و دەرەوە و ڕۆشنبیری و سامانی ئاوی و پلاندانان و گواستنەوە و تەنانەت زیاترە لە بودجەی وەزارەتی پەروەردەش كە بڕی (2.4) ترلیۆن دینارە، پشكی چەكدارانی حەشدی شەعبییە لە بودجەی پێشنیاركراوی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ساڵی دارایی (٢٠٢١) ، تەرخانكردنی ئەو بودجە گەورە بۆ هێزەكانی حەشدی شەعبی وابكات توانای ئابووری گرووپە نیمچە سەربازییەكان و قەوارە سیاسییەكانی سەر بەو هێزانە زیاتر ببێت، ئەمەش وادەكات ئەو هێزانە لەگەڵ نزیكبوونەوەی هەڵبژاردنەكان ئەو توانا داراییە گەورەیە بۆ كڕینی دەنگی دەنگدەران بەكاربهێنن. لە لایەكی تریشەوە، هەر جۆرە پێكدادانێك لە نێوان ئەو هێزانە و هێزی پێشمەرگە، بە پێكدادان لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە دادەندرێت نەك پێشمەرگە و میلیشیای شیعی. لە بارودۆخێكی لەم جۆرەدا، هەرێمی كوردستان دەكەوێتە هەڵومەرجێكی ئاڵۆز و دژوارەوە، چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؛ بۆیە یەكێك لە مەترسییەكان ئەوەیە كە هێزەكانی حەشدی شەعبی لەژێر ناوی سوپای عێراق بەتەواوی لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان جێگیر بن.[2]

لێرەوە دەردەكەوێت كە میلیشیاكان بەهۆی پێكهاتە و چۆنییەتی دروستبوونی، هە روەها ئامانجەكانیان لە ئێستا و لە داهاتووشدا، هەڕەشەیەكی ئاسایشییە چی بۆسەر ئاسایشی سەربازی و چی بۆسەر ئاسایشی سیاسی هەرێمی كوردستان. چونكە ئەم هێزە ناچێتە ژێر باری فەرمانی حكومەت و كەسانی مەدەنی، لەلایەكی تریشەوە لەسەر بنەمای تائفییەت دروستكراوە، تەنانەت لەلایەن هێزێكی دەرەكی (ئێران) ئاراستە دەكرێن. ڕووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧ش لووتكەی ئەو نائاسایشییە بوو كە لەلایەن ئەم هێزە میلیشیانەوە ڕووبەڕووی هەرێمی كوردستان بوویەوە، بەم هۆیەشەوە زیاتر لە ٥١% لە خاكی باشووری كوردستان كە بەناوچە جیناكۆكەكان دەناسرێت، كەوتە دەست ئەم هیزە و بەدەیان ڕاپۆرت لە پێشێلكارییەكان لەبەرامبەر هاوڵاتیان ئەو ڕاستیانە دەردەخات. تەنانەت بەهۆی كۆنترۆڵكردنەوەی كەركوكەوە بەشێكی زۆر لە سەرچاوەكانی داهاتی هەرێمی كورستانیش كە بەهۆی هەناردەكردنی نەوتی كەركووك بەدەستدەهات، كەوتە ژێر كۆنترۆڵی ئەو هێزە و بەپێی باری بۆزان، بۆ ئێستا و داهاتووش ئەم هەڕەشە سەربازییە بۆسەر هەرێمی كوردستان هەر بەردەوامە و بوونی هەیە. لەلایەكی تریشەوە، بەهۆی هەڕەشەی ئەم گروپانەوە، بەشێك خەڵكی سوننە ناگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و شوینی خۆیان، ئەمەش مەترسی بۆسەر ئاسایشی كۆمەڵگەیی هەرێمی كوردستان دروست دەكات، تەنانەت بەم هۆیەشەوە ئەگەری درووستبوونی گروپی تیرۆریستی و توندرەوی تری هاوشێوەی داعش بۆ بەرەنگاربوونەوەی میلیشیاكانی شیعە لە ئارادایە، كە دووبارە مەترسی دەبێت بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی كوردستان.[3]

باسی پێنجەم:ڕەهەندی ئاسایشی ژینگەیی

[1] - صالح عمر عیسی- پەرویز رحیم قادر، پرسەكانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی كوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، سەرچاوەی پیشوو ، ل٣٦٠.

[2] - حسين مكطوف الاسدي, العلاقة التكاملية بين الامن المجتمعي والحشد الشعبي: دراسة تحليلية، مجلة حمورابي للدراسات، العدد 2، مركز حمورابي للدراسات والبحوث الاستراتيجية, بغداد, ٢٠٢٤، صص ١٥٣-١٥٤.

[3] - البيشمركة تتهم قوات عراقية بشن هجوم ضدها، موقع الحرة، تاريخ النشر24/اكتوبر/2017، تاريخ الزيارة2025/5/4: https://www.alhurra.com/iraq/2017/10/24

لەدوای جەنگی سارد پرسی ئاسایش جێگەی خۆی کردەوە لەبواری لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێوەوڵەتیەکان، بەجۆرێک زۆرێک لەتوێژەران هەوڵیان دەدا کە چەمکی ئاسایش فراوان بکەن گشت سێکتەرەکانی کۆمەڵگە بەرجەستەبکات کە لەنێویشیاندا بریتییە لە پرسی ئاسایشی ژینگە، کەلەئێستادا گۆرانکاری کەشوهەوا یەکێکە لەپرسە هەستیارەکان کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، مەبەستیش لەئاسایشی ژینگە بریتیە لە گرتنەبەری کۆمەڵێک رێکار لەسەر ئاستەکانی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەروەها رێگەگرتن لەدەرهاوێشتە مەترسیدارەکان کە گۆی زەوی بەخۆیەوە دەبینێت، لە هەمووشیان گرنگتر پیسبوونی ژینگە و بەگەرمبوونی زەوییە.[1]

ئاسایشی ژینگە کۆمەڵێک پرس بەرجەستە دەکات لەوانە کەرەستە سروشتییەکان،مەترسیەکانی پیسبوونی ژینگە و ئەو تاوانانەی دەرهەق بەسەرچاوە سروشتیەکان ئەنجامدەدرێت[2]؛ بواری ژینگە دوو هەرەشە لەخۆدەگرێت ئەوانیش هەرەشەکانی سرووشت وکۆمەڵایەتی).[3]

باری بۆزان بەم شێوەیە چەمکی ئاسایش دەناسێنێت(ئاسایش پەیڕەودەکرێت بۆ ئەوەی لەو هەرەشانە رزگاری ببێت؛ هەروەها، ئاسایش کاتێک دێتەدی کە هەموو شێوازەکانی هەرەشە لەناودەچێت).[4] لەگەڵ ئەوەشدا، ئاسایشی ژینگە بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت کە (بریتیە لە پەیڕەوکردنی کۆمەڵێک رێسا و یاسا و جێبەجێکردنی بە مەبەستی پاراستنی ژینگە و کەرەستەکانی لەپیسبوون، تێکچوون و لەناوچوون ئەمەش لەپێناو باشترکردنی ژیانی مرۆڤایەتی).[5]

ئەوهەرەشانەی هۆکارن بۆپیسبوونی ژینگەی کۆمەڵگەکان ئەمانەن:[6]

1. بەکارهێنانی کەرەستەکان بەشێوەی ناتەندرووست: زۆرجار تاکەکان کاتێک ئەم کەرەستانە بەکاردێنن بۆ پێداویستیەکانی خۆیان، جا لەبواری بەرهەمهێنان بێت (چەکی ئەتۆمی) یان بەرهەمهێنانی کاڵا زیانمەندەکان.
2. نەبوونی هۆشیاری ژینگەیی: لەکاتی ئەنجامدانی چالاکیەکانی بەرهەمهێنان لەڕووی پیشەسازی یان هەر چالاکیەکی تر بەشێوەی ناتەندروست لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە، لێرەدا دەبێت تاک هۆشیار بکرێت بۆپاراستنی ژینگە.
3. نەمانی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە ژینگە: نەبوونی بەرپرسیاریەتی بۆ ژینگە هۆکارێکە بۆ پیسبوونی ژینگە، ئەویش لەکاتێکدایە کە تاکەکان ڕۆڵی بەرپرسیاریەتی ناگرنە ئەستۆ، هەر ئەمەش وادەکات رێکار و رێسا پەیڕەوبکرێت بۆ دیاریکردنی ئەرکەکانی تاکی کۆمەڵگە بەرامبەر پاراستنی ئاسایشی ژینگە.

تەوەرەی یەکەم:گۆڕانی کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگە

[1] - نوال بن قلوش، الامن البيئي والامن الانساني تكامل ام نقاطع، مجلة أفاق علمية ، المجلد13، العدد 1، جامعة معسكر، الجزائر ،2021،صص 547-548.

[2] - المصدر نفسه ،ص ،ل٥٤٨.

[3] - محمد مجدان ، الامن البيئي العالمي، دراسة حول مفهومه وسبل تحقيقه، مجلة الجزائرية للعلوم السياسية والعلاقات الدولية، العددالثامن، كلية العلوم السياسية والعلاقات الدولية ،الجزائر،2017،ص47.

[4] -علوان بلال-غزيل زكريا،العقيدة الامنية الجزائرية واشكالية الامن الاقليمي، رسالة الماجستير، قسم العلوم السياسية،كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعةامحمدبوقرة بومرداس،2021،ص4.

[5] - بن عثمان نعيمة، مفهوم الامن البيئي، رسالة الماجستير، قسم الحقوق، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الشهيد حمة لخضر-الوادي، 2016،ص17

[6] - نوال يونس محمد-سلطان احمد خايف، الامن الانساني والتحديات البيئية، مجلة نكريت للعلوم الادارية والاقتصادية، المجلد4،العدد10، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة تكريت، 2008، ص25-26.

زۆربەی دەوڵەتان بۆ ڕێگری کردن لەپێشلکارییەکان و پیسبوونی ژینگە و پاراستنی ژینگەی کۆمەڵگەکەیان یاسا و ڕێسا تایبەت دادەنێن، ئەمەش بەمەستی ئەوەی ژینگەیەکی تەندرووست بەدیبێت، لێرەدا ئاماژە دەدرێت بە کۆمەڵێک یاسا کە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەرچووە.

یاسادانەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەندێک یاسایان دیاریکردووە سەبارەت بە سێ جۆری پیسبوونی ژینگە:[1]

1. پیسبوونی هەوا: یاسای پاراستنی ژینگە و باشترکردنی لەیاسای عێراقی ژمارە ٢٩ی ساڵی ٢٠٠٩ لەلقی چوارەم و بەشی چوارەم دا هاتووە بۆ پاراستنی هەوا لەپیسبوون بریتیە لەسنووردانان لە ژاوەژاو(کەمکردنەوەی ژمارەی ئۆتۆمبێل)، هەروەها لەیاسای هەرێمی کورستانیشدا هاتووە لەبەشی دووەمی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٨ و لەژمارە ٤١ ی ساڵی ٢٠١٢ بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژاوە ژاو(ئۆتۆمبێل) وکەمکردنەوەی جگەرەکێشان.
2. پیسبوونی ئاو: لە ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٩ هاتووە بۆ پاراستنی ژینگە ئەویش پاراستنی ئاوە لەو ئاوەڕۆیانەی کەلەکاتی کشتوکاڵکردن و پیشەسازی و ئاوەڕۆی ماڵان ...هتد.
3. پیسبوونی خاک:پیسبوونی خاک لەئەنجامی کارەساتە سروشتیەکان وەک بوومەلەرزە...هتد، زۆرجاریش مرۆڤەکان هۆکارن کاتێک خاک بەشێوەی خراپ بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، هەربۆیە لە ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٩ لەیاسای عێراق وهەروەها لە ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ لەیاسای هەرێمی کوردستان بۆپاراستن و باشترکردنی ژینگە باس لەڕێگرکردن دەکات لەچالاکیەکانی مرۆڤ کەدەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە.

هۆکاری تر بۆ پیسبوونی ژینگە کە کاریگەری دەکاتە سەر ئاسایشی ژینگەی هەرێمی کوردستان، ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێنرێن بەبێ بوونی پێوەرەکانی ژینگە تێیاندا، کە پشت بەگاز و بەنزین دەبەستن، بەمەش ئاسمانی هەرێم پارچەیەکی ڕەش دادەپۆشێت، لێرەشدا کەس لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکات. هەرێمی کوردستان بە نزیکەی خاوەنی ٢ ملیۆن ئۆتۆمبێلە جگە لەو ماتۆر و ئۆتۆمبێلی مۆدێلی کۆن کە بەبێ ژمارە هاوردەکراون، ژینگەی هەرێم ناتەندرووست دەکات ئەمە لەلایەک، وە هەبوونی مۆلیدە ئەهلیەکان لەگەڕەکەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان دیسانەوە مەترسین بۆ پیسبوونی ژینگە.[2] هەروەها هەبوونی کارگەو پاڵاوتگە پیشەسازیەکانیش مەترسین بۆ ئاسایشی ژینگە وکەشوهەواکەی، کە کێڵگە پاڵاوتگەکان هەمەجۆرن ( پلاستیکی ونەوت وئاسن و وێستگەی کارەبا)[3]

هیوا عومەر سەرۆکی ڕێکخراوی بیمەی ژینگە ئاماژەیدا بەوەی کە ژینگەی هەرێم کەشوهەواکەی لەڕووی پیسبوونیەوە خەریکە لەپلەی ستانداره جیهانیەکان تێپەر دەبێت، کە تیشکی خستەسەر ئەوەی کەنزیکەی ٢٠٠ پاڵاوتگەی نایاسایی هەن، کە شاری هەولێر بە تەنیا خاوەنی ١٠٠ پاڵاوتگەی نایاسایین کەئەمەش مەترسیە بۆ ژینگەی کوردستان؛ لەلایەکی تریشەوە، سووتاندنی گازی سروشتی لە کێڵگەکان وسووتاندنی خۆڵ خاشاکی هاوڵاتیان لەدەوروبەری شارەکانی هەرێم کە ماددەی ترسناک تێکەڵی ژینگە دەکەن، ڕۆژانە لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٠ تۆن خۆڵ وخاشاک دەسوتێنرێت.[4]

لەهەرێمی کوردستاندا ساڵانە زیاتر لە 2500 تۆن کاڵای پلاستیکی بەکاردەهێنرێت کە ئەمانەن(سفرەی سەفەری، قاپ، پەرداخ، کەوچ ک وعەلاگەی نایلۆن)، جگەلە هاوردەکردنی کاڵای پلاستیکی وڵاتانی دەروبەر بۆ هەرێمی کوردستان، لێرەدا بەکارهێنانی تەنیا لە (%٥) ماددەی پلاستیکی لەسەر خاکی هەرێمی کردستاندا وادەکات هیچی تر ئەم خاکانە بەکارنەهێنرێت بۆ خانوو درووستکردن و کشتوکاڵکردن بەهۆی ئەوەی لەناو پێکهاتەی ئەم پلاستیکانەدا زیاتر لە ٢٠جۆری

---

[1] - مهدي حمدي مهدي الزهيري – حمد كريم حمد گەردی هند عبدالامير حميد علوش، دور المراقب البيئي والشرطة البيئية في حماية البيئة في القانون العراقي دراسة مقارنة، مجلة قةلاَى زانست، المجلد 8،العدد3،جامعة اللبنانية الفرنسية، اربيل ،2023،ل٨٩٤-٨٩٦.

[2] -بارزان جوهر صادق،هەرەشەکانی سەرئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق،٢٠٢٣،ص٦٦.

[3] -ژيان سليمان خليل-ابراهيم خشمان هسام، دور منطقة كواشي الصناعية في قضاء سيميل بتلوث البيئة المحيطة،مجلة جامعة دهوك،المجلد21،العدد1،كلية العلوم السياسية، جامعةدهوك،كردستان،2018،ص298-299.

[4] -ڕۆژنیوز، هۆشداری دەدرێت لەپیسبوونی ژینگەی هەرێم، بڵاوکردنەوە٢٠٢٢/١١/١٦، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: https://rojnews.news/?p=313973

ماددەی کیمیایی هەن کە مەترسین بۆ تەندرووستی تاک، دواتریش دەچنە ناوخاک و وادەکات نەتوانرێت بەکاربهێنرێت، لەبەر ئەوەی ئەم خاکە هەزاران ساڵی پێویستە بۆئەوەی ئەم ماددە پلاستیکانە شیبکاتەوە، هەربۆیە پاشماوەی پلاستیکی هەرەشەیە بۆ ئاسایشی ژینگە لەڕووی کشتوکاڵی، تەندروستی و خۆراکیشەوە.[1]

دەکرێت ئاماژە بەدوو شێوازی پاشماوە بدەین کەبریتیە لە پاشماوەی تەڕ و پاشماوەی وشک، ئەوەی یەکەم بریتین لەو پاشماوانەی خواردەمەنییەکانن، بەڵام ئەوەی دووەمر ئەو پاشماوانەن کە بەهیچ شێوەیەک شینابەنەوە ئەوەیش دابەش دەبێت بۆ چەند جۆرێک لەوانە پاشماوەی بیناسازی کەپاشماوەی ڕووخاندنی شوقە وبیناکانە، پاشماوەی پیشەسازی کەخۆی دەبینێتەوە لەپاشماوەکانی چالاکییەکانی پیشەسازی و پاشماوەی مەترسیدار ئەو پاشماوانەن کەزیانی هەیە بۆسەر تەندرووستی یەکێک لەوپاشماوانەش پاشماوەی نەخۆشخانەکانە.[2]

کاتێک ئەو پاشماوەی کۆدەکرێنەوە و دەگوازرێتەوە بۆ دەوروبەری شارەکان، بەشێکی دەکرێت بەژێر خۆڵەوە، بەمەش دەبێتە هۆی پیسبوونی ڕەگەزە ژینگەییەکان و لە خاکدا بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی و لەسەر زەوی دەبێتە هۆی پیسبوونی ڕووبار و ڕژانی بۆ ناو بەنداوەکان.[3]

**تەوەرەی دووەم: پرسی ئاو**

پرسی ئاو یەکێکە لەپرسە هەرەگرنگەکانی زۆربەی کۆمەڵگاکان لەبەرئەوەی پەیوەندی بەژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە، چوونکە ئاورۆڵێکی گرنگی هەیە لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی.

سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان (٥)سەرچاوەی سەرەکین، ئەوانیش خاپوور،زابی سەروو،زابی خواروو،ئاوەسپی و سیروان).[4]

ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشە دەبێتەوە لەوانە:

1. درووستکردنی کۆمەڵێک پرۆژە و بەنداوی ستراتیژی لەلایەن وڵاتانی دراوسێ لەسەرڕووبارەکانیان، کە سەرچاوەکانی دابینکردنی ئاوە بۆ هەرێمی کوردستان، ڕووبارەکانیش ڕووباری نێودەوڵەتین، بەمەش نەبوونی سیاسەت و ستراتیژیەتی تۆکمەی ئاو لەلایەن حکومەتی عێراق هەرێم وایکردووە وڵاتان ڕەچاوی سەروەری ئاسایشی ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان نەکەن، بەمەش هەڕەشەی وشکە ساڵی ڕوو لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە. ئێران و تورکیا کۆمەڵێک بەنداو لەسەر ڕووبارەکان درووستدەکەن ئەویش بۆ دوو مەبەستە یەکەمیان خەزێنەکردنی ئەو ڕووبارانەیە، دووەمیان وەک کارتێکی فشار لەدژی عێراق و هەرێمی کوردستان بەکاریدەهێنن.[5]
1. گرنگترین بەنداوەکانی ئێران: بەنداوی زاگرۆس-بەنداوی مەخزەنی-بەنداوی کەڵکەش-بەنداوی خەلوان-بەنداوی پاتاق لەسەر ڕووباری ئەڵوەن-بەنداوی داریان-بەنداوی هیروی-بەنداوی زەمکان-بەنداوی گاوشان-

---

[1] -ئارا ئیبراهیم، لەهەرێمی کوردستان ساڵانە ٢٥٠٠ تۆن کاڵای پلاستیکی بەکاردەهێنرێت، ماڵپەری کەناڵ ٨، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٤/٣/٢٥، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦:
https://www.channal8.com/kurdish/44084

[2] -ئەوین قادری، پاشماوەکان وکاریگەری لەسەر ژینگە، ماڵپەری ڕێکخراوی ئازاد بوون،ڕۆژی بڵاوکردنەوە ٣/کانوونی دووەمی/٢٠٢٢،ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: https://azadbun.com/archives/8677

[3] - هەمان سەرچاوە.

[4] - د.شوان عمر خليل-د.انور عمر قادر، الحماية الجنائية للمياه في اقليم كردستان –العراق،مجلة علمية محكمة، كلية التربية للبنات،2023،ص365.

[5] -خلیل کریم محەمەد، کوردستان لەبەردەمر هەرەشەی سیاسەتی ئاوی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدایە، گۆڤاری ئایندەناسی ،ژمارە١١،ساڵی دووەمر، سلێمانی،٢٠٢٢،ل١٣-٢١.

بەنداوی گاران-بەنداوی زێوە -بەنداوی ژاوە-بەنداوی ئازادی -بەنداوی سلێمان پاشا-بەنداوی ئەمیرئاباد لەسەر ڕووباری سیروان-بەنداوی ئازاد بنیر).[1]

2. گرنگترین بەنداوەکانی تورکیا :(بەنداوی دیجلە-بەنداوی کیرال کیزی-بەنداوی باتمان-بەنداوی ئیلیسو-بەنداوی جیزرێ -بەنداوی سلیڤان). [2]

بەمەش کوردستان لەبەردەم هەرەشەی جددی دایە بەهۆی ئەو سیاسەتانەی کەوڵاتانی دراوسێ دەیگرنەبەر، چونکە کاریگەری لەسەر کەرتەکانی تر دەکات بەتایبەت لایەنی کشتوکاڵی، پیشەسازی و کەمی ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە.

2. هەبوونی بیری بێمۆڵەت لەهەرێمی کوردستان: بەپێی ئەو ئامارە فەرمیەی کەبەدەست گۆڤاری هاوڵاتی گەیشتووە، ژمارەی بیرە بێمۆڵەتەکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٢٢ دەگاتە 28410 بیر، لەکاتێکدا بیرە مۆڵەت پێدراوەکانی هەرێمی کوردستان 26818 بیرە، کە جیاوازی زۆریان لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت و دەگاتە ٥٩٢ بیر، کە بەمەستی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئاوخواردنەوە بەکاریدەهێنن. لەڕووی زانستیەوە دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی زیانی زۆری هەیە بەهۆی نەبوونی لێهاتوویی و شارەزایی لەم بوارەدا کە لە ئاییندەدا هەرێم ڕووبەڕووی قەیرانی بێئاوی دەبێت.[3]

پرسی ئاو بەهۆی ئەم هۆکارانەی سەرەوە کاریگەری نەرێنی لەسەرژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت، هەروەها یەکێکی دیکە لە ئالنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هە رێمی کوردستان بەفیرودنێکی زۆرە لە سەرجەم بوارەکانی بەکارەینانیدا، ئە وە ی لە هە ریمی کوردستان بەدیدە کرێت سە بارە ت بە چونیتی بە کارەینانی ئاوی خاوین و بە فیرزدانی بە راستی مە ترسیدارە و زیانیکی گە ورە بە داەاتی ئاو دە گە یە نیت، بونمونە لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریدا بریکی زۆر لە ئاو بە فیرودە دریت، ریژە ی بە فیروچوونی ئاو لەم کە رتە دا بە زیاتر لە (٥٠٪) خە مڵینراوە، چونکە تا ئیستا تە کنەلوژیا وەک پێویست تێکەڵ بەسێکتە ری کشتوکاڵ نەکراوە و شێوازی کشتوکاڵکردن و ئاودێری پشت بە سیستەمی کلاسیک دەبەستێت، ئەمەش دە بیتە هۆی بەفیردانی رێژە یەکی زور لە ئاو. هەروەها رێنمایی کشتوکالی بۆ ئەم بوارە نە یتوانیوە ببیتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو لەم کەرتەدا ، خراپ بە کارەینانی ئاوبە تایبەتیش لایەنی کشتوکاڵی و ئاسایشی خۆراک، کاتێک ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دابەزی بەهۆی گۆرانکارییە دەستکردەکانی مرۆڤ، ئەمە دەبێتە هۆی کەمی خۆراک، بەمەش کۆمەڵگە لەڕووی ئاسایشەوە تووشی گرفت دەبێت[4]، لەلایەکی تریشەوە، لاوازی بەرێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمی کوردستان، تەنانەت نەبوونی بەرنامەیەکی تەندرووست و دابەشکردنی ئاویش بەشێوەیەکی هەرەمەکی ون ەبوونی دادپەروەری لەدابەشکردنیدا، وایکردووە نەتوانرێت پارێزگاری لەئاوی ژێر زەوی بکرێت.[5]

گشت ئەو هەرەشانەی باسکران لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش ئاسایشی تاک،کە لێکەوتەی نەرێنی دەبێت لەسەر کەرتەکانی ئابووری و پیشەسازی....هتد، بەهۆی نەبوونی بەرنامە وپرۆگرامێکی باش و تۆکمە.

تەوەرەی سێیەم :بەبیابانبوون و نەخۆشیە گوازراوەکان

---

[1] - خلیل کریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەرەشەی سیاسەتی ئاوی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدایە. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥-١٧.

[2] -هەمان سەرچاوە. ل ١٨-٢١.

[3] -شەنای فاتیح، لەهەرێمی کوردستاندا بیری بێمۆڵەت زیاترە لەو بیرانەی مۆڵەتیان هەیە، گۆڤاری هاوڵاتی،ژمارە ٢٠٤٦،چوارشەممە ٢٠٢/١٢/٦،ل٦.

[4] - سەیوان محەمەد ڕەزا، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان: ئالنگاری و چارەسەرەکان، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل ١١٣.

[5] -عەبدولموتەلیب رفعت سەرحەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئاییندەناسی، ژمارە ١١،ساڵی دووەم،سلێمانی،٢٠٢٢، ل٣٧-٣٨

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بەبیابانبوونی(کەمی سەوزایی) یەکێکە لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە ئەویش بریتییە لە کەمی سەوزایی و بڕینی دارودرەخت، بەگۆڕینی خاکی کشتوکاڵی بۆخاکی خانووبەرە و نەبوونی پشتێنەیەکی سەوزایی لەدەوروبەری شارەکان[1].
یەکێك لە هۆکارەکانی کەمی سەوزایی دەگەڕێتەوە بۆ کەوتنەوەی ئاگر لەناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان، کە جارجار هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی سووتانی داروپاوان دەبێتەوە، کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەرمبوونی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا؛ هەروەها کەمبوونی باران و گەرمبوونی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا و بەرزبوونی پلەی گەرمی بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی دوایی، زیاتر لەملیۆنێک دۆنم دارستان سووتاوە. هەروەها هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران و تورکیا بۆ سەرناوچە شاخاوییەکان، بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر سەوزاییەکانی هەرێمی کوردستان. بەپێی راپۆرتی (پاکس)، زیانەکانی ناوچە شاخاوییەکان بەهۆی بۆردومانەکانەوە 49568 دۆنم ڕووبەری سەوزایی سووتاوە. هۆکاری ناوخۆش هەیە بۆ کەمبوونەوەی سەوزایی وەک بڕینی دار و سووتاندنی ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان ، بەپێی ئامارەکان (١٩٩٩-٢٠١٨)ناوچەی سەوزایی لەهەرێمی کوردستان (٢٣,٤٦% دابەزیوە بۆ ١٢،٤٤%).[2]
بابەتێکی تر نەخۆشیە گوازراوەکانە، لێرەدا هەبوونی خراپی کوالێتی بەنزین و گاز و دەردەدانی گازە مەترسیدارەکان، کە تێکرای دەردانی گازی(2co) بەپێی بڕی سووتەمەنی بەکارهێنراو بۆ(١)لیتر بەنزین وگاز بۆ نزیکەی(٢,٣ بۆ٢,٧ کگم)بۆ هەر لیترێک رۆژانە ئەم گازە زیانبەخشە تێکەڵ بە کەشوهەوا دەکرێت، هۆکارن بۆزۆربوونی نەخۆشیە درێژخایەن ومەترسیدارەکان وەک (نەخۆشی دڵ و بۆرییەکانی هەناسە و نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکان).[3]
لەساڵی ٢٠٢١ دا وەزارەتی تەندووستی هەرێمی کوردستان ئامارێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت بەهۆی پیسبوونی ژینگەی هەرێمەوە رێژەی تووشبون بە نەخۆشییە مەترسیدارەکان ڕوو لە زیادبوونە کە دەگاتە(نزیکەی ٦٣٠٠) کەس، دیارترینیان نەخۆشی شێرپەنجەیە بەتایبەت(شێرپەنجەی مەمک، کۆلۆن و سییەکان).[4] رۆژ لەدوای رۆژ نەخۆشیە کوشندەکان تەشەنە دەکەن، بەپێی ئەوڕاگەیەندراوەی کەلەساڵی ٢٠٢٢ دا بڵاوکرایەوە کە رۆژانە هەریەکە لە نەخۆشخانەکانی نانەکەلی لە هەولێر ونەخۆشخانەی هیوا لەسلێمانی و لە نەخۆشخانەکانی دهۆک و هەڵەبجە، ولتە لە تەواوی کوردستاندا پێشوازی لە ٢٤ نەخۆشی شێرپەنجە دەکرێت.[5]
جگەلە نەخۆشییە مەترسیدارەکان نەخۆشی تریش بوونی هەیە کە زۆر خێرا تەشەنە دەکەن، بەتایبەتیش ڤایرۆسی کۆرۆنا- کۆڤید19 ، کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لەتەواوی جیهاندا بڵاوبوویەوە و هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە. بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا

---

[1] - سەنگەر داود محمد-اسود قادر احمد، الابعاد البيئية للتنمية المستدامة في قانون حماية وتحسين البيئة في اقليم كوردستان-العراق رقم (8) لسنة 2008،گۆڤاری یاساورامیاری ، ژمارە٧، ساڵی هەشتەم،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،2010،ل419.

[2] -مەحمود بابان، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەهەرێمی کوردستان وعێراق، لەنێوچوونی دار و کەوتنەوەی ئاگر وسووتانی پووش وپاوان، ماڵپەڕرووداو ، رۆژی بڵاوکردنەوە،٢٠٢٣/٨/٢٠: https://rudawrc.net/sorani/article/gorankaryiekany-keshuhewa-le-heremi-kwrdstan-u-eraq-lenyuchwuny-dar-u-kewtnewey-agr-u-suwtany-puwsh-u-pawan-

[3] -سوبحان حسێن،کاریگەری دوکەڵی ئۆتۆمبێل ومۆلیدەکان لەسەر ژینگە، ماڵپەری ئازادبوون، رۆژبڵاوکردنەوە ١٢/تشرینی دووەمی/٢٠٢٢، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: HTTPS://AZADBUN.COM/ARCHIVES/8471

[4] -هادی سەلیمی، پیسبوونی هەوا رێژەی شێرپەنجەی لەهەرێمی کوردستان عێراق بەرزکردووتەوە، ماڵپەری ڕووداو، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢١/٤/٩، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: HTTPS://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/07042-02129

[5] - ماڵپەریmic، شێرپەنجە رۆژبەرۆژ لەهەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت، هەر کاتژمێرێک کەسێک تووش دەبێت، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٢/١٠/١٨، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦ Https://micnews.net/KU/Details/2235

کاریگەری لەسەر هەرێمی کورستان هەبوو و زیانی زۆری لە گشت سێکتێرەکانی گەیاند بەتایبەتیش کەرتی گەشتوگوزار.[1] بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە وایکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری ڕاگرتنی قوتابخانە، زانکۆ، پەیمانگا و دامودەزگاکانی حکومەتی بدات، تەنانەت هاتوچۆکردنی ناوەوە و دەرەوەی شارەکانیش قەدەغەکرد و هاوڵاتیانی کەرەنتینە کرد لەماڵەکانی خۆیاندا، ئامانجیش لەم ڕێکارە سنووردانان بوون لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، هەرئەمەش هۆکار بوو بۆ درووستبوونی کێشەکان لەنێوان تاکەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی و توندوتیژی خێزانی بەهۆی بێکاری و نەبوونی خەرجیەک بۆبژێوی ژیانیان وچەند هۆکاری تر.....[2]

کاتێک ڤایرۆسی کۆرۆنا بەخێرایی بڵاوبوویەوە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر لایەنی ئابووری بەهۆی ڕاگرتنی جموجۆڵە بازرگانیەکان و دابەزینی نرخی نەوت و ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لە تەواوی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وایکرد هەزاران کەس بێکاربن و کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتی تاکی کۆمەڵگەی کوردی بەجێهێشت[3]، بەپێی ڕاپرسیەکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەسەر پرسی(کاریگەری کۆمەڵایەتی ودەروونیەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا )بڵاویکردەوە کەلەماوەی کەرەنتینە کردن هاوڵاتیان ڕووبەڕووی گوشاری دەروونی بووەتەوە.[4]

لەلایەکیتر، لە وەرزی هاویندا، پاشماوەکان ئاگر دەگرن و دەسوتێن، ئەمەش ڕەگەزی هەوا پیس دەکات و دەبێتەهۆی دەردانی گازە گەرمخانەییەکانی وەک 2co و گۆگرد و نایترۆجین، هەروەرها گۆڕانی کەش و هەوا و گەرمبوون، سووتانی زبڵ و خاشاک لە ڕووی تەندروستییەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ توشبوونی دانیشتوان بەنەخۆشیە مەترسیدارەکانی وەک: کۆلێرا، پەتا، نەخۆشی سییەکان و شێرپەنجە کەلە هەموویان مەترسیدارتر و بەربڵاوترە.

**دەرئەنجام**

ئەم توێژینەوەیە، بە پشتبەستن بە چوارچیوەی تیوری قوتابخانەی کوپنهاگن، دەرخەری ئەوە بوو کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠١٤ ەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەڕەشە ی فرەڕەهەند بووەتەوە ، هەر پێنج ڕەهەندە سەرەکییەکەی ئاسایش (سیاسی، ئابووری، کومەڵگەیی سەربازی و ژینگەیی) دەگرێتەوە. ئەم هەڕەشانە بەشێوەیەکی ئالوز پیکەوە بەستراون و کاریگە ریان لەسەر یەکتر هەیە، بە جۆرێک کە چارەسەرکردنیان بەتەنیا لەیەک ڕەهەندا مەحالە و هەڕەشە لەسەر مانەوە و سەقامگیری هەرێم دروست دەکەن. لە ڕووی ئاسایشی سیاسییەوە: ناکۆکییە ناوخۆییەکان و ململانێ بەردەوامەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عیراق، بەتایبەت لە پرسی بودجە و ناوچە جێناکۆکەکان وەک هەڕەشەیەکی سەرەکی بەئاسایشیکراون. ئەم ناکۆکیانە نەک تەنیا سەقامگیری سیاسی ناوخۆیی لاواز دەکەن، بەڵکو کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر توانای هەرێم بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئابووری و سە ربازی هەیە. سەبارەت بە ئاسایشی ئابووری: توێژینەوەکە دەریخست کە پشت بەستنی هەرێم بەیەک سەرچاوەی داهات (نە وت) و ئابوورییەکی

---

[1] - پێشەنگ پرێس، کاریگەری کۆرۆنا لەسەر گەشتوگوزاری هەرێم لاوازبوو، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٠/٩/٢٧،رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: HTTPS://peshangpress.com/babat/2607

[2] -زانا داوود، کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەرێم، ماڵپەری ئێستا، رۆژی بڵاوکردنەوە ٢٠٢٠/١٠/٤، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: HTPPS://esta.krd.5052

[3] -سورێن جەمال محەمەد، لێکەوتە ئاتبووریەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، خۆتان بۆ قەیرانێکی دیکەی دارایی ئامادەبکەن، ماڵپەری کوردستان تایمز، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٠/٣/١٧،رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: https://kurdistanimes.org/2020/3/17

[4] -یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەسەر پرسی(کاریگەری کۆمەڵایەتی ودەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا)،ماڵپەری هێلین میدیا، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٠/٤/٢٣،رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٥/٦: https://helinmedia.org/all-detail.aspx?jimare-1192

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

کریخۆر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گە ندەڵی و بڕینی بودجە لە لایە ن بەغداوە، بووە بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری. ئەم دۆخە ئابوورییە ناسەقامگیرە وەک هەڕەشەیەک "بوونی" بۆ هەرێم دەردەکەوێت و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و سیاسی هەیە. لە بواری ئاسایشی کۆمەڵگەییدا: هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و پەنابەران لەگەڵ فرەیی ناسنامەیی و نەبوونی یەک ناسنامەی نەتەوەیی بەهێز، وەک هەڕەشە بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی هەرێم دەردەکەون. ئە م پرسانە دە توانن ببنە هۆی لێکترازان و دروستبوونی ناسنامەی بەرگریکارانە، کە لە کوتاییدا کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری سیاسی و ئابووری دەبێت.

لەبارەی ئاسایشی سە ربازییەوە: دابەشبوونی هێزی پێشمەرگە و نەبوونی کۆنترۆڵی یەکگرتووی حکومەت لەسەریان، لەگەڵ کەمی چەکی پێشکەوتوو، هەرێمی خستووەتە ژێر مەترسی هێرشەکانی دەوڵەتانی هەرێمی لەوانە تورکیا و ئیران و گرووپە چەکدارەکان وەک داعش و حە شدی شە عبی. ئەم هەڕەشانە نەک تەنیا زیانی گیانی و ماددی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵگەیی و تەنانەت ژینگەیش هە یە. بە گشتی، تویژینەوەکە پشتراستی گریمانە سە رەکییەکەی کردوە کە هەڕەشە ئاسایشییەکان لە هەرێمی کوردستان لە هەر پینج ڕەهەندەکەدا بوونیان هەیە و بەشیوەیەکی بەکۆمەڵ و نەرێنی کاریگەرییان لەسەر مانەوە و سەقامگیری ناوچەکە هەیە. ئەمەش وادەکات کە چارەسەرکردنیان پێویستی بە ستراتیژییەکی گشتگیر و فرەڕەهەند بێت ،کە هە موو ڕەهەندەکان بگرێتەوە. چونکە لاوازی لەیەک ڕەهەندا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەهەندەکانی تر دادەنێت و ئاسایشی گشتی هەرێم دەخاتە مە ترسییەوە.

سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

-کتێب:

1. بارزان جوهر صادق،هەرەشەکانی سەرئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق،٢٠٢٣.
2. پەروێزڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی وناسنامە:کۆماری ئیسلامی ئێران بەنموونە، چاپخانەی (ماد)تاران،هەولێر،٢٠٢٠.
3. حوسامەددین عەلی مەجید و پەرویز ڕەحیم قادر، نشتیمانسازی: خەرمانی دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق(1992-2018) ، هەولێر: سەنتەری دیراسات و تویژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،٢٠١٨.
4. زوبێر ڕەسول، هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی؛ چ جۆرە پەیوەندییەک؟، سەنتەری توێژینەوە و ڕاپرسی کوردستان24، هەولێر، 2022.
5. کامەران محمد عزیز، ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەسەردەمی نادڵنیاییدا، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، سالی ٢٠١٥، ل ٣٨.
6. گەیلان عەباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (پێناس و فۆرم و شێواز، لێکەوتە و چارەسەر)، ژووری توێژینەوەکان سیاسی، ئابووری، ستراتیژی بزوتنەوەی گۆڕان، تەمووزی ٢٠٢١.

-نامەی ماستەر:

1. سەیوان محەمەد ڕەزا، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان: ئالنگاری و چارەسەرەکان، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، سلێمانی، ٢٠٢٢.
2. کارزان أحمد عومەر، ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق(لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لەدوای ساڵی ٢٠١٤، نامەی ماستەر،کۆبێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠٢٣.

3. محمد أحمد مجيد، كاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر گەشەسەندنی تیرۆریزم (ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی وەك نموونە)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، 2016.

-گۆڤار:

1. بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق،گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی، بەرگ۳، ژمارە٦، ٢٠٢٠.
2. حوسێن محمەدزادە، هەنگاوێک بۆ یەکانگیری ناسنامەی کوردی، گۆڤاری کۆمار، ٢٠٢٥، لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە: https://shorturl.at/gwsuB ڕێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٥/٦/٢١
3. خلیل کریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەرەشەی سیاسەتی ئاوی هاوسێکان وبێباکی هەرێمدایە، گۆڤاری ئاییندەناسی ،ژمارە١١،ساڵی دووەم، سلێمانی،٢٠٢٢.
4. د.عابد خالد رسول، هەرێم و بەغداد، واقیعێکی تاڵ و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندیی، ژمارە ٥، سلێمانی، کانونی یەکەمی ،2021.
5. د.یوسف گۆران و ئەوانیتر، ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا؛گرفتە سیاسی و ئابورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا، گۆڤاری ئایندەیی،ژمارە٧، سلێمانی،٢٠٢٠.
6. زوبێر رەسول أحمد، تورکیا وهەرێمی کوردستان: ئابووری یان ئاسایش، تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەرێت،گۆڤاری توێژەر،زانکۆی سۆران،بەرگی ٣، ژمارە٢، ٢٠٢٠.
7. سەنگەر داود محمد-اسود قادر احمد، الابعاد البيئية للتنمية المستدامة في قانون حماية ونحسين البيئة في اقليم كوردستان-العراق رقم (8) لسنة 2008،گۆڤاری یاساورامیاری ، ژمارە٧، ساڵی هەشتەم،زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر،2010.
8. شەنای فاتیح، لەهەرێمی کوردستاندا بیری بێمۆڵەت زیاترە لەو بیرانەی مۆڵەتیان هەیە، گۆڤاری هاوڵاتی،ژمارە ٢٠٤٦،چوارشەممە ٢٠٢/١٢/٦.
9. صالح عمر عيسى- پەرویز رحیم قادر، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست،بەرگی ٦، ژمارە٢، ٢٠٢١.
10. صالح عمر عيسى-پەروێز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست،بەرگی ٦، ژمارە٣، ٢٠٢١
11. صالح عمر عيسى-پەروێز رحیم قادر، ئاسایشی ئابووری لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەک نموونە، گۆڤاری قەڵای زانست،بەرگی ٦، ژمارە٤، ٢٠٢١.
12. عەبدولموتەلیب رفعت سەرحەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئاییندەناسی، ژمارە ١١،ساڵی دووەم،سلێمانی،٢٠٢٢.
13. فرهاد حسن عبدالله، بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی: کۆسپەکانی بەردەمی و سیناریۆکانی ئایندە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول ٦، ژمارە ٢، ٢٠١٩، ل ١٢٣.
14. ماریننا کارۆنتیکا، لە بەرهەڵستییەوە بۆ دامەزراوەیی سەربازی: کەیسی پێشمەرگە بەرامبەر رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، وەرگێرانی: فەرهاد حەسەن عبدوڵا، سلێمانی: ناوەندی توێژینەوە ململانێ و قەیرانەکان،٢٠١٨.
15. هەورامان فەریق، چەمکناسی: نەتەوە، ناسمامەی ئەتنیکی، ناسنامەی نەتەوەیی، وەرزنامەی ئێراناسی، ژمارە (٢) کانونی دووەم، سلێمانی، ٢٠٢٢.
16. ئەرشەد تەها - هاوڕێ مەنسوڕ بەگ، ئاسۆی ئایندەی پیشەسازی نەوت و پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان ، گۆڤاری شرۆڤە ،سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمیای پارتی ، ژمارە ٢٩ ، ٢٠١٩. 34

- سایتی ئەلیکترۆنی:ـ

1. پێشەنگ پرێس، کاریگەری کۆرۆنا لەسەر گەشتوگوزاری هەرێم لاوازبوو، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٠/٩/٢٧،رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: HTTPS://peshangpress.com/babat/2607
2. د.عزەت سابیر، دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان و پڕۆسەی نەوت، ماڵپەریDraw، ڕۆژی بڵاوکردنەوە کردن٢٠٢٢/٤/٢٨، رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٥/٦: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10166
3. دەستەی ئامار، وەزارتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دانیشتوان و هێزی کار، *https://rb.gy/7su7dz.*
4. دەستەی ئامار، وەزارتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رووپێوی خێرا بۆ باری گوزەرانی خێزان و چاودێری رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان -2018، . https://krso.gov.krd/archived/articles/090719020120.pdf.
5. دەستەی ئامار، وەزارتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2014، *https://krso.gov.krd/archived/articles/080516022417.pdf.*
6. ڕاپۆرتی سایتی خەندان، ئاماری بێکاری و هەژاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە، https://rb.gy/i7uiye.
7. رۆژنیوز، هۆشداری دەدرێت لەپیسبوونی ژینگەی هەرێم، بڵاوکردنەوە٢٠٢٢/١١/١٦، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: https://rojnews.news/?p=313973
8. زانا داوود، کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەرێم، ماڵپەری ئێستا، رۆژی بڵاوکردنەوە ٢٠٢٠/١٠/٤، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: HTPPS://esta.krd.5052
9. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان "حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس بەشدار دەبێت، 15 کانوونی دووەم 2024، بەدەستهێنراو لە ١٨ی حزیرانی ٢٠٢٥، https://rb.gy/1e0jwh .
10. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان "هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسی لایەنەکان (کۆپ 29) لە باکووی ئازەربایجان دەکات، 12 تشرینی دووەم 2024، بەدەستهێنراو لە ١٨ی حزیرانی ٢٠٢٥، https://rb.gy/8piw0d.
11. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفڕانسی ئاسایشی میونشن دەکات، شوبات ٢٠٢٠، بەدەستهێنراو لە ١٨ی حزیرانی ٢٠٢٥، https://rb.gy/xqgd49 .
12. سوبحان حسێن،کاریگەری دوکەڵی ئۆتۆمبێل ومۆلیدەکان لەسەر ژینگە، ماڵپەری ئازادبوون، رۆژبڵاوکردنەوە ١٢/تشرینی دووەمی/٢٠٢٢، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: HTTPS://AZADBUN.COM/ARCHIVES/8471
13. سورێن جەمال محەمەد، لێکەوتە ئاتبوورییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، خۆتان بۆ قەیرانێکی دیکەی دارایی ئامادەبکەن، ماڵپەری کوردستان تایمز، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٠/٣/١٧،رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: https://kurdistanimes.org/2020/3/17
14. سەرکۆ یونس، هەرێم وئابووری کرێخۆر، ماڵپەری ئاوێنە، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٢/٥/١١، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: https://www.awene.com/article?no=18418&auther=1545
15. شەهریار شێخلەر، ئاسایشی وزەی عێراق و پێگەی گرنگی هەرێمی کوردستان ، ماڵپەری ڕووداو، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٩/٩/٢٣، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٥/٦: https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/230920191

16. ماڵپەریmic، شێرپەنجە ڕۆژبەڕۆژ لەهەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت، هەر کاتژمێرێک کەسێک تووش دەبێت، ڕۆژی بڵاوکردنەوە١٨/١٠/٢٠٢٢، ڕۆژی سەردانی کردن٦/٥/٢٠٢٥ Https://micnews.net/KU/Details/2235

17. مەحمود بابان، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەهەرێمی کوردستان وعێراق، لەنێوچوونی دار و کەوتنەوەی ئاگر وسووتانی پووش وپاوان، ماڵپەڕی ڕووداو ، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠/٨/٢٠٢٣: https://rudawrc.net/sorani/article/gorankaryiekany-keshuhewa-le-heremi-kwrdstan-u-eraq-lenyuchwuny-dar-u-kewtnewey-agr-u-suwtany-puwsh-u-pawan-

18. هادی سەلیمی، پیسبوونی هەوا ڕێژەی شێرپەنجەی لەهەرێمی کوردستان عێراق بەرزکردووتەوە، ماڵپەری ڕووداو، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٩/٤/٢٠٢١، ڕۆژی سەردانی کردن٦/٥/٢٠٢٥: HTTPS://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/07042-02129

19. ئارا ئیبراهیم، لەهەرێمی کوردستان ساڵانە ٢٥٠٠ تۆن کاڵای پلاستیکی بەکاردەهێنرێت، ماڵپەری کەناڵ ٨، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢/٣/٢٠٢٤، ڕۆژی سەردانی کردن٦/٥/٢٠٢٥: https://www.channal8.com/kurdish/44084

20. ئالان حەمە سەعید، ئێران و تورکیا؛ سیاسەتکردن لە ژینگەیەکی هەرێمایەتیی جەمسەرگیردا، ماڵپەری پێنووس، ڕۆژی بڵاوکردنەوە١٤/١/٢٠١٧، ڕۆژی سەردانی کردن٤/٥/٢٠٢٥: https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/907-2018-09-02-18-56-38

21. ئەرسەلان پەرۆش، کەی حکومەتی هەرێم کشتوکاڵ دەکاتە جێگرەوەی نەوت؟، ماڵپەری کوردستانی نوی،ڕۆژی بلاوکردنەوە٤/٣/٢٠٢٤، ڕۆژی سەردانی کردن٧/٦/٢٠٢٥: https://knwe.org/KU/Details/16103

22. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەسەر پرسی(کاریگەری کۆمەڵایەتی ودەروونییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا)،ماڵپەری هێلین میدیا، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٣/٤/٢٠٢٠،ڕۆژی سەردانی کردن ٦/٥/٢٠٢٥: https://helinmedia.org/all-detail.aspx?jimare-1192

23. ئەوین قادری، پاشماوەکان وکاریگەری لەسەر ژینگە، ماڵپەری ڕێکخراوی ئازاد بوون،ڕۆژی بڵاوکردنەوە ٣/کانوونی دووەمی/٢٠٢٢،ڕۆژی سەردانی کردن٦/٥/٢٠٢٥: https://azadbun.com/archives/8677

دووەم:سەرچاوە عەرەبیەکان:

1. بن عثمان نعيمة، مفهوم الامن البيئي، رسالة الماجستير، قسم الحقوق، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الشهيد حمة لخضر-الوادي، 2016.
2. علوان بلال-غزيل زكريا،العقيدة الامنية الجزائرية واشكالية الامن الاقليمي، رسالة الماجستير، قسم العلوم السياسية،كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعةامحمدبوقرة بومرداس،2021.

-المجلات:

1. حسين مكطوف الاسدي, العلاقة التكاملية بين الامن المجتمعي والحشد الشعبي: دراسة تحليلية، مجلة حمورابي للدراسات، العدد 2، مركز حمورابي للدراسات والبحوث الاستراتيجية, بغداد, ٢٠٢٤.
2. د.شوان عمر خليل-د.انور عمر قادر، الحماية الجنائية للمياه في اقليم كردستان –العراق،مجلة علمية محكمة، كلية التربية للبنات،2023.
3. ژيان سليمان خليل-ابراهيم خشمان هسام، دور منطقة كواشي الصناعية في قضاء سيميل بتلوث البيئة المحيطة،مجلة جامعة دهوك،المجلد21،العدد1،كلية العلوم السياسية، جامعةدهوك،كردستان،2018.

4. محمد مجدان ، الامن البيئي العالمي، دراسة حول مفهومه وسبل تحقيقه ، مجلة الجزائرية للعلوم السياسية والعلاقات الدولية، العددالثامن، كلية العلوم السياسية والعلاقات الدولية ،الجزائر،2017.
5. مهدي حمدي مهدي الزهيري – حمد كريم حمد گەردی هند عبدالامير حميد علوش، دور المراقب البيئي والشرطة البيئية في حماية البيئة في القانون العراقي دراسة مقارنة، مجلة قەلاَى زانست، المجلد 8،العدد3،جامعة اللبنانية الفرنسية، اربيل ،2023.
6. نوال بن قلوش، الامن البيئي والامن الانساني تكامل ام نقاطع، مجلة أفاق علمية ، المجلد13، العدد 1، جامعة معسكر، الجزائر ،2021.
7. نوال يونس محمد-سلطان احمد خايف، الامن الانساني والتحديات البيئية، مجلة نكريت للعلوم الادارية والاقتصادية، المجلد4،العدد10، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة تكريت، 2008.

-مواقع الاليكترونية:
1. البيشمركة تتهم قوات عراقية بشن هجوم ضدها، موقع الحرة، تاريخ النشر24/اكتوبر/2017، تاريخ الزيارة2025/5/4: https://www.alhurra.com/iraq/2017/10/24
2. دلشاد عبدالله، كردستان يطالب بغداد بحصته من القروض الدولية، موقع الشرق لاوسط، تاريخ النشر30/٥/٢٠١٦، تاريخ الزيارة٦/٥/٢٠٢٥: https://aawsat.com/home/article/65334

سێیەم:سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1. Barry Buzan ,People State and Fear an Agenda for international Security Studies in the postcold war,an imprint of pearsons education longman,second edition, 1991.
2. Barry Buzan(2007), People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, ECPR Press; 2nd edition,2007.P.117.
3. Barry Buzan, Ole Wver, Jaap de Wilde , Security: A New Framework for Analysis. Boulder and London: Lynne Rienner Publishers,1998
4. Hussein, Mohammed. "Iraqi Kurdistan's Clientelistic economy: linkage between political parties, market, and individuals in Iraqi Kurdistan KCCRC, (2020), last accessed,6/52025: https://www.kurdistanc.com/en/details.aspx?jimare=1093
5. Sommer, Filip. *Geopolitics of Iraqi Kurdistan: A Role of External and Internal Actors in the Kurdish Issue*. Master's thesis, Charles University in Prague, 2021, P.11-12.
6. Kurdistan Regional Government. "Foreign Relations." *The Government's Mission*. Accessed June 18, 2025. https://gov.krd/english/the-governments-mission/foreign-relations/.
7. Transparency International. "Corruption Perceptions Index 2024." *Transparency.org*. Accessed June 24, 2025. https://www.transparency.org/en/cpi/2024.
8. World Population Review. "Most Corrupt Countries." *World Population Review*. Accessed June 24, 2025. https://worldpopulationreview.com/country-rankings/most-corrupt-countries.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# أبعاد الأمن في إقليم كردستان من منظور مدرسة كوبنهاجن: تقييم التهديدات والمخاطر



| |
|---|
| سيروان مينه خان |
| كلية العلوم السياسية- جمعة صلاح الدين- اربيل |
| serwan.khan@su.edu.krd |
| پ.ی.د. هيوا مجيد خليل |
| كلية العلوم السياسية- جمعة صلاح الدين- اربيل |
| Hiwa.khalil@su.edu.krd |




## المُلخص

تسعى هذه الدراسة إلى تحليل قضايا الأمن في إقليم كردستان تحليلاً شاملاً وواسعاً في إطار النظرية النظرية لمدرسة كوبنهاغن. تحدد مدرسة كوبنهاغن خمسة قطاعات أمنية أساسية وهي: الأمن السياسي والاقتصادي والمجتمعي والعسكري والبيئي. يتيح هذا الإطار النظري الفرصة لمناقشة التهديدات والمخاطر الكامنة في سياق القضايا الأمنية بشكل شامل ومتكامل. واجه إقليم كردستان منذ عام ٢٠١٤ عدة أزمات وقضايا حساسة كان لها تأثير سلبي على جميع جوانب الأمن. السؤال الرئيسي لهذه الدراسة هو: ما هي التهديدات الأساسية التي عرضت كل قطاع من قطاعات أمن إقليم كردستان للخطر؟ الفرضية الأساسية هي أن القضايا الرئيسية للأبعاد الأمنية في إقليم كردستان تتجلى في جميع القطاعات الخمسة، وأن هذه التهديدات الأمنية لها تأثيرات سلبية على بقاء واستمرارية إقليم كردستان. تعتمد منهجية البحث على منهج نوعي من خلال التحليل الوصفي التحليلي وتحليل دراسة الحالة لإقليم كردستان كوحدة متميزة.


الكلمات المفتاحية: مدرسة كوبنهاغن، القطاعات الأمنية، إقليم كردستان، التهديدات الأمنية، نظرية الأمن.

# Dimensions of security in the Kurdistan Region from the perspective of the Copenhagen School: Threat and Risk Assessment



| |
|---|
| **Serwan mina khan** |
| **College of political science- salahadin university- erbil** |
| serwan.khan@su.edu.krd |
| **Assist proph. D. hiwa majid khalil** |
| **College of political science- salahadin university- erbil** |
| Hiwa.khalil@su.edu.krd |




## Abstract

**This research endeavors to comprehensively analyze the security issues of the Kurdistan Region within the theoretical framework of the Copenhagen School. The Copenhagen School identifies five primary security sectors: political, economic, societal, military, and environmental security. This theoretical framework provides the opportunity to discuss threats and latent dangers within the context of security issues in a comprehensive and integrated manner. The Kurdistan Region has faced several crises and sensitive issues since 2014 that have had negative impacts on all aspects of security. The main research question of this study is: What are the principal threats that have endangered each of the security sectors of the Kurdistan Region? The primary hypothesis posits that the main issues of security dimensions manifested in the Kurdistan Region are evident**

**across all five sectors, and these security threats have negative effects on the survival and continuity of the Kurdistan Region. The research methodology relies on a qualitative approach through descriptive-analytical analysis and case study analysis of the Kurdistan Region as a distinct unit.**
**Keywords: Copenhagen School, Security Sectors, Kurdistan Region, Security Threats, Security Theory.**